سەرچەمی پەیامەکانی نوور

١

وتەکان

بەدیعوززەمان

سەعیدی نوورسی

[illegible]

فاروق رەسوول یەحیا

کردوویە بە کوردی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وتەی سی و یەکەم

لە بارەی میعراجی پێغەمبەرەوە ﷺ دەدوێت

بێدارکردنەوەیەك:

مەسەلەی میعراج ئاکام و ئەنجامێکە لەسەر بناغە و پایەکانی ئیمان ڕاگیر دەکرێت. کەواتە نوورێکە لە ڕووناکیی پایەکانی ئیمانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەهرەمەندی ڕووناکی دەبێت. بۆیە بەڵگەکانی چەسپاندنی میعراج سەبارەت بە کەسانی مولحید و ئەوانەی ئینکاریی پایەکانی ئیمان دەکەن، ڕاستەوخۆ باس ناکرێن. تەنانەت هەر نابێ بۆ کەسێك باس بکرێن کە باوەڕی بە خوای گەورە نەبێت و تەسدیقی پێغەمبەری ئازیز ﷺ نەکات، یان ئینکاریی مەلائیکەت و ئاسمانەکان بکات. مەگەر دوای ئەوەی کە ئەو پایانەی ئیمانی لە پێشدا بۆ بچەسپێنرێت. لەبەر ئەوە، لەم پەیامەدا ڕووی گوفتارمان ئاراستەی ئەو ئیمانداره دەکەین کە گرفتاری گومان بووە و میعراجی بەلاوە دوورە. وا پشت بەخوا لەم بوارەدا ئەندازەیەکی ئەوتۆی بۆ ڕوون دەکەینەوە کە سوودی لێ وەربگرێت و شیفایش بە دەردی گومانەکەی ببەخشێت. بەڵام جار بەجار ئاوڕ لەو مولحیدەش دەدەینەوە کە وەك گوێبیستێك ڕاوەستاوە و، بەو ئەندازەیەی کە سوودی پێ بگات قسە ئاراستەی ئەویش دەکەین.

لە چەند پەیامێکی تردا چەند بریسکانەوەیەکی ڕاستیی میعراج باس کراوە. وا دوای داواکاری و جەختی برا خۆشەویستەکانم پشتمان بە یارمەتیی چاودێریی خوای گەورە بەست، تاکو ئەو بریسکانەوە پەرش و بڵاوانە کۆ بکەینەوە و لەگەڵ ئەسڵی خودی ڕاستییەکەدا گرێیان بدەین، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا ئاوێنەیەك بەدەست بهێنین کە بە یەك جار کەماڵاتی جوانیی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەربخات.

بسم الله الرّحــمن الرّحيم

﴿سُبْحانَ الَّذي أَسْرى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلى الْمَسْجِدِ الأَقْصا الَّذي بارَكْنــا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آياتِنا إِنَّهُ هُوَ السَّميعُ البَصيرُ﴾ (الإسراء:١)

﴿إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى ❁ عَلَّمَهُ شَــديدُ الْقُوى ❁ ذُو مِرَّةٍ فَاسْــتَوَى ❁ وَهُوَ بِــالأُفُقِ الأَعْلى ❁ ثُمَّ دَنا فَتَدَلَّى ❁ فَكانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنــى ❁ فَأَوْحى إِلى عَبْدِهِ مَا أَوْحى ❁ مَــا كَذَبَ الفُؤادُ مَا رَأى ❁ أَفَتُمارُونَهُ عَلى مَا يَرى ❁ وَلَقَدْ رءآهُ نَزْلَةً أُخْرى ❁ عِنْــدَ سِــدْرَةِ الْمُنْتَهى ❁ عِنْدَها جَنَّةُ الْمَأْوى ❁ إِذْ يَغْشى السِّدرَةَ مَا يَغْشى ❁ مَا زاغَ الْبَصَرُ وَما طَغــى ❁ لَقَدْ رَأى مِنْ آياتِ رَبِّهِ الْكُبْرى﴾ (النجم:٤-١٨)

له گه‌نجینه‌ی مه‌زنی ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه‌ی سه‌ره‌تادا ته‌نها دوو "هێما" باس ده‌که‌ین كـه پاڵیـان بـه ده‌ستوورێكی ڕه‌وانبێژی‌یه‌وه داوه لـه ڕاناوی: ﴿إِنَّــهُ﴾دا، چونكـه ئـه‌و دوو هێمایـه پـه‌یوه‌ندی‌یان بـه‌م مه‌سـه‌له‌یه‌مانه‌وه هه‌یـه، وه‌ك لـه پـه‌یامی موعجـیزاتی قورئـانی‌دا ڕوونمـان كردوونه‌ته‌وه:

(قورئانی پیرۆز دوای ئه‌وه‌ی باسی ئیسرای پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویستی ﷺ كرد له سـه‌ره‌تای میعراجـه‌وه – واتـه لـه "مسـجد الحرام"ه‌وه بۆ "مسـجد الاقصـى" – تـا كۆتایی‌یه‌كـه‌ی، كـه سووره‌تی "النجم" ئاماژه‌ی بۆ ده‌كات، دوای ئـه‌وه، ئـه‌م ئایه‌تـه‌ی سـه‌ره‌وه‌ی بـه ﴿إِنَّــهُ هُــوَ السَّميعُ البَصيرُ﴾ كۆتایی پێ هێنا..

جا ئه‌و ڕاناوه‌ی كه له ﴿إِنَّهُ﴾دایه، یان بۆ خـوای گـه‌وره ده‌گه‌ڕێتـه‌وه، یـان بـۆ پێغه‌مبـه‌ری ئازیز ﷺ..

ئه‌گه‌ر بۆ پێغه‌مبه‌ر ﷺ بگه‌ڕێته‌وه، ئه‌وا یاساكانی ڕه‌وانبێـژی و موناسـه‌به‌تی هـاتنی گوفتـار ئه‌وه ده‌گــه‌یه‌نن كـه: ئـه‌م گه‌شـته جوزئی‌یـه‌ی میعـراج هێنـده گه‌شــت و گـوزار و ڕۆشـتنی گشتی و به‌رزبوونه‌وه‌ی كوللیی تێدایه كه پێغه‌مبه‌ر ﷺ له كـاتی به‌رزبوونـه‌وه و ده‌مـی بڕینـی پله هه‌مه‌كی‌یه‌كانی ناوه جوانه‌كانی خوای گه‌وره‌دا، كه تا "سدرة المنتــهى" و "قـاب قوسـين أو أدنــى" ده‌گرنـه‌وه، هـه‌موو نیشـانه و بەڵگـه په‌روه‌ردگاری‌یـه‌كان و گشـت ئـه‌و كـاره ناوازانه‌ی سنعه‌تی خواوه‌ندی بیستووه و بینیوه كه لـه‌و گه‌شته‌دا بـه‌رچاو و گوێـی كـه‌وتوون. ئه‌مه‌ش به‌ڵگـه‌یه لـه‌سـه‌ر ئه‌وه‌ی كـه ئه‌م گه‌شته جوزئی‌یه لـه حوكمی كلیلێكدایه بۆ گه‌شتێكی كـوللـی و گشتی به ناو كاره سه‌رسووڕهێنه‌كانی سنعه‌تی خوای گه‌وره‌دا.

بەڵام ئەگەر ڕاناوەکە بۆ خوای گەورە بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو کاتە واتاکەی بەم جۆرە دەبێت:

خوای گەورە بەندە خۆشەویستەکەی بۆ حوزووری خۆی بانگ کردووە، تاکو ئەرکێکی پێ بسپێرێت و کارێکی بخاتە ئەستۆ. بۆیە لە "مسجد الحرام"ەوە شەوڕەویی پێ کرد بەرەو مزگەوتی ئەقصا، کە کۆگای پێغەمبەرانە. جا دوای چاو پێکەوتنی پێغەمبەران و ئاشکرا کردنی ئەوەی کە ئەم پێغەمبەرە ئازیزە ﷺ میراتگری ڕەها و ڕاستەقینەی بناغەی ئایینەکانی هەموو پێغەمبەرانە - درووودیان لەسەر بێت - گەشتێکی بەو پێغەمبەرە خۆشەویستە کرد بۆ ناو مولك و مەلەکووتی خۆی تا گەیاندیە "سدرة المنتــــهى" و بە ئەندازەی نزیکیی هەردوو سەری کەوانەیەك یان کەمتر، لە خۆی نزیکی خستەوە.

بەم جۆرە ئەم گەشت و سەفەرە هەرچەند میعراجێکی جوزئی بووە و، ئەو کەسەش کە بۆ ئەوێ بەرز کراوەتەوە بەندەیەك بووە لە بەندەکان، بەڵام ئەم بەندەیە "ئەمانەت"ێکی هێندە مەزنی پێ سپێرراوە کە پەیوەندیی بە هەموو گەردوونەوە هەیە و، "نوور"ێکی ڕووناکی بەخشی وای لەگەڵدایە کە هەموو بوونەوەران ڕووناك دەکاتەوە و سەروسیمای واتا و ناوەڕۆکیان دەگۆڕێت و بەو نوورە دەیاننەخشێنێت، جگە لەوەی کە ئەم بەندەیە "کلیل"ێکی ئەوتۆی پێیە کە دەتوانێت دەرگای بەختەوەریی هەمیشەیی و نیعمەتی بەهەشتی هەتاهەتایی پێ بکاتەوە.

لەبەر هەموو ئەمانە، خوای گەورە خۆی بە: ﴿إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ وەسف دەکات، تاکو دەری بخات کە هێندە حیکمەتی بەرز و بڵند لەو "ئەمانەت" و "نوور" و "کلیل"ەدا هەن کە سەرجەمی بوونەوەران و بەدیهاتووان و سەرانسەری گەردوون لە ئامێز دەگرن).

ئەم نهێنیی‌یە مەزنەش چوار بناغەی هەیە:

یەکەمیان: نهێنیی پێویست بوونی میعراج چیی‌یە؟

دووهەمیان: حەقیقەتی میعراج چیی‌یە؟

سێهەمیان: حیکمەتی میعراج چیی‌یە؟

چوارەمیان: بەرهەم و سوودەکانی میعراج چین؟

بناغه‌ی یه‌كه‌م

نهێنی و حیكمه‌تی پێویستیی میعراج

بۆ نموونه، ده‌وترێ:

خوای گه‌وره له جه‌سته و شوێن خاوێنه و، به‌پێی ده‌قی ئایه‌تی پیرۆزی: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ (ق:١٦) بۆ هه‌موو شتێك له هه‌موو شتێك نزیكتره، به ڕاده‌یه‌ك كه هه‌موو وه‌لییه‌ك له پیاوچاكان ده‌توانێت له دڵی خۆیدا له‌گه‌ڵ په‌روه‌ردگاری خۆی بدوێت و به دڵ موناجاتی له‌گه‌ڵدا بكات..

له كاتێكدا كه هه‌موو وه‌لییه‌ك ده‌توانێت له دڵی خۆیدا موناجات له‌گه‌ڵ په‌روه‌ردگاریدا بكات، ئه‌ی بۆچی "ویلایه‌تی ئه‌حمه‌دی" دوای سه‌فه‌رێكی دوور و گه‌شتێكی درێژخایه‌نی "میعراج" به‌و موناجاته گه‌یشت و پێی به‌هره‌مه‌ند بوو؟

وه‌ڵام: به دوو نموونه ئه‌م نهێنییه ته‌ماوییه له تێگه‌یشتنه‌وه نزیك ده‌خه‌ینه‌وه، تۆش به باشی گوێیان لێ ڕابگره. ئه‌م دوو نموونه‌یه له وته‌ی دوازده‌هه‌مدا له كاتی ڕوونكردنه‌وه‌ی نهێنیی ئیعجازی قورئان و حیكمه‌تی میعراجدا باس كراون:

○ **نموونه‌ی یه‌كه‌م:**

پادشای دنیایی دوو جۆره گوفتار و چاوپێكه‌وتن و، دوو شێوه فه‌رمایشت و ڕێزلێنان و ئاوڕدانه‌وه‌ی میهره‌بانیی هه‌یه:

یه‌كه‌میان: گوفتارێكی تایبه‌تییه كه به‌هۆی ته‌له‌فۆنێكی تایبه‌تییه‌وه له‌گه‌ڵ یه‌كێك له هاوولاتیانیدا سه‌باره‌ت به كارێكی هه‌نده‌كی و ئیشێكی تایبه‌تیی خۆیه‌وه له‌گه‌ڵیدا ده‌یكات.

ئه‌وی تریان: قسه‌كردنه به ناوی پادشایه‌تیی پڕ شكۆ و به ناونیشانی خه‌لافه‌تی گه‌وره و به سیفه‌تی فه‌رمانڕه‌وایه‌تیی گشتی و بۆ مه‌به‌ستی بلاوكردنه‌وه‌ی فه‌رمانه پادشاییه‌كانی له هه‌موو لایه‌كدا به فه‌رمانێكی به‌رز كه بۆ ده‌رخستنی گه‌وره‌یی و سام و شكۆی خۆی ده‌ریده‌كات. كه‌واته ئه‌م یه‌كه‌یان گوفتارێكه له‌گه‌ڵ یه‌كێك له نێرراوانی خۆی، یان یه‌كێك له فه‌رمانبه‌ره گه‌وره‌كانیدا كه په‌یوه‌ندیی به‌و كارانه‌وه هه‌یه.

به وێنه‌ی ئه‌م نموونه‌یه – وللهِ المَثَلُ الأعْلى – به‌دیهێنه‌ری گه‌ردوون و خاوه‌نی سه‌رانسه‌ری "مولك و مه‌له‌كووت" و فه‌رمانڕه‌وای ڕه‌های ئه‌زه‌لییش: دوو جۆره گوفتار و ڕێزلێنان و ئاوڕدانه‌وه‌ی میهره‌بانیی هه‌یه:

یەکەمیان: جوزئی و تایبەتی‌یە.

دووهەمیان: کوللی و گشتی‌یە.

جا میعراجی پێغەمبەر ﷺ دیمەنێکی بەرز و شکۆمەندی "ویلایەتی ئەحمەدی"یە و، بە شێوەیەکی هێندە کوللی ئەو ویلایەتەی دەرکەوت کە لە سەرووی هەموو ویلایەتەکانی ترەوە بوو.

چونکە ئەم ویلایەتە، شەرەفمەندبوونە بە موناجات‌کردن و گوفتاری ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوای گەورەدا بە ناوی: "رب العالمین" و بە ناونیشانی: "بەدیهێنەری بوونەوەران".

○ **نموونەی دووهەم:**

پیاوێك ئاوێنەیەکی بەدەستەوەیە و ڕووەو خۆر ڕایگرتووە. دیارە ئاوێنەکە بە ئەندازەی گەورە و بچووکیی خۆی ڕووناکی‌یەك وەردەگرێت کە هەر حەوت ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆری تێدایە. کەواتە ئەم پیاوە بەپێی ئەندازەی ئاوێنەکەی پەیوەندیی بە خۆرەوە دەبێت و، هەر بەو ئەندازەیەش دەتوانێت سوود لە خۆر وەربگرێت، ئەگەر ڕووناکیی ئاوێنەکەی ئاراستەی ژوورە تاریکەکەی یاخود "شەتلگا" تایبەتی و بچووکە سەرگیراوەکەی خۆی بکات. بەڵام هێشتا هەر سوودێکی کەم لەو ڕووناکی‌یە وەردەگرێت، چونکە تەنها بەپێی توانای ئاوێنەکەی لە ڕووناکیی خۆر بەهرەمەند دەبێت، نەك بە ئەندازەی گەورەیی خۆر!

لە هەمان کاتدا پیاوێکی تر واز لە ئاوێنەکە دەهێنێت و ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە خۆر و سەیری سام و شکۆی خۆر دەکات و پەی بە گەورەیی خۆر دەبات، ئنجا دەچێتە سەر چیایەکی بڵند و سەیری درەوشانەوەی دەستەڵاتداریی فراوان و شکۆمەندیی خۆر دەکات و - بێ پەردە - ڕووبەڕووی ڕادەوەستێت. پاشان دەگەڕێتەوە لە خانووە بچووك و "شەتلگا" سەرگیراوە تایبەتی‌یەکەی خۆیدا چەند کلاوڕۆژنەیەکی فراوان ڕووەو خۆری ناوجەرگەی ئاسمان دەکاتەوە و، موناجات و گفتوگۆیەك لەگەڵ ڕووناکیی بەردەوامی خۆری ڕاستەقینەدا ساز دەکات.

بەم جۆرە، ئەم پیاوە دەتوانێت ئەم چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەی، کە ئاوێتەی شوکرانە و پێزانینە، لەگەڵ خۆر و ڕووناکی‌یەکەیدا - بە زمانی حاڵ - ساز بکات و بڵێت:

(ئەی ئەو خۆرەی کە لەسەر تەختی جوانیی جیهاندا دانیشتوویت! ئەی گوڵە گەشاوەکەی ڕووی ئاسمان! ئەی ئەو خۆرەی کە جوانی و ڕووناکیت بە زەوی و، زەردەخەنە و شادیت بە گوڵان بەخشیوە! هەروەك گەرمی و ڕووناکیت بە گشت لایەکی جیهاندا پەخشاندووە، ماڵ و شەتلگا بچووکەکەی منیشت بەسەرکردووەتەوە و لە گەرمی و ڕووناکی‌یەکەی خۆت پێ بەخشیون)!

ئه‌م پیاوه ده‌توانێت، به زمانی حاڵ، ئه‌م چه‌شنه گفتوگۆیه له‌گه‌ڵ خۆردا بكات، به‌ڵام خاوه‌نی ئاوێنه‌كه ناتوانێت به‌م شێوازه ئه‌م گفتوگۆیه‌ی له‌گه‌ڵدا بكات، چونكه شوێنه‌واری ڕووناكیی خۆر به‌پێی سنووری ئاوێنه‌كه‌ی ده‌بێت و به ئه‌ندازه‌ی توانای ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌و ئاوێنه‌یه ڕووناكیی ده‌ست ده‌كه‌وێت.

هه‌ر به وێنه‌ی ئه‌م دوو نموونه‌یه، زاتی مه‌زنی خواوه‌ندی ته‌نیا و صه‌مه‌دیش، كه نووری ئاسمانه‌كان و زه‌وی و پادشای ئه‌زه‌ل و ئه‌به‌ده، به دوو شێوه له ماهییه‌تی مرۆڤانه‌ی ئاده‌میزاد ده‌رده‌كه‌وێت و ده‌دره‌وشێته‌وه. ئه‌م دوو شێوه‌یه‌ش گه‌لێ پله‌ی بێ‌سنووریان له‌خۆ گرتووه.

شێوه‌ی یه‌كه‌م: ده‌ركه‌وتنێكه له ئاوێنه‌ی دڵدا. به‌هۆی په‌یوه‌ستی‌یه‌كی په‌روه‌ردگاری و په‌یوه‌ندی بوون له‌گه‌ڵی‌دا، به ڕاده‌یه‌ك كه هه‌موو مرۆڤێك له ده‌می گه‌شت و سلووك و بڕینی پله‌كاندا، به‌پێی توانا و لێهاتنی خۆی و به گوێره‌ی دره‌وشانه‌وه‌ی ناو و سیفه‌ته‌كان، پایه و گفتوگۆ و موناجاتێكی - چ جوزئی و چ كوللیی - له‌گه‌ڵ ئه‌و نووره ئه‌زه‌لی‌یه‌دا هه‌یه. پله‌كانی زۆربه‌ی هه‌ره زۆری ئه‌و ویلایه‌تانه‌ی كه له سایه‌ی ناوه جوانه‌كان و سیفه‌ته مه‌زنه‌كاندا هه‌نگاو ده‌نێن و سلووك ده‌كه‌ن، له‌م به‌شه‌ن.

شێوه‌ی دووهه‌م: ده‌ركه‌وتنی دره‌وشانه‌وه‌ی خوای گه‌وره‌یه بۆ به‌رزترین و گه‌وره‌ترین كه‌سی گرۆی مرۆڤ، به دره‌وشانه‌وه‌ی زاتی مه‌زنی خۆی و به گه‌وره‌ترین پله‌ی ناوه جوانه‌كانی. چونكه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی مرۆڤ ڕووناكترینی به‌روبوومه‌كانی دره‌ختی بوونه‌وه‌رانه و له هه‌موویشیان زیاتر سیفه‌ت و توانا و لێهاتنی تێدا جه‌م بووه، ئه‌وا ده‌توانێت هه‌موو ئه‌و دره‌وشانه‌وانه‌ی ناوه جوانه‌كانی خوای گه‌وره، كه له "وجوود"دا به‌رجه‌سته بوون، به یه‌ك جار له ئاوێنه‌ی ڕۆحی خۆی‌دا ده‌ربخات!

نهێنیی "میعراجی ئه‌حمه‌دی" بریتی‌یه له‌م دره‌وشانه‌وه و ده‌ركه‌وتنه، به چه‌شنێك كه ویلایه‌ته‌كه‌ی سه‌ره‌تایه كه بۆ پێغه‌مبه‌رایه‌تی‌یه‌كه‌ی. "ویلایه‌ت" به وێنه‌ی پیاوی یه‌كه‌می نموونه‌ی دووهه‌م به ناو سێبه‌ردا ده‌ڕوات، به‌ڵام "پێغه‌مبه‌رایه‌تی" سێبه‌ری تێدا نی‌یه، به‌ڵكو به وێنه‌ی پیاوی دووهه‌می نموونه‌ی دووهه‌م ڕاسته‌وخۆ ڕووی له ته‌نیایی زاتی مه‌زنی په‌روه‌ردگاره.

سه‌باره‌ت به میعراجیشه‌وه، كه كه‌رامه‌تێكی هه‌ره‌مه‌زن و پله‌ی هه‌ره‌به‌رزی "ویلایه‌تی ئه‌حمه‌دی"یه، ئه‌وا هێنده به‌رزبوونه‌وه و پله‌ی یه‌ك له دوای یه‌كی بڕی هه‌تا گه‌یشته پله‌ی "پێغه‌مبه‌رایه‌تی".

ڕووی ناوەوەی میعراج: ویلایەتە، چونکە لە "خەلق"ەوە بۆ لای "حەق" سەرخراوە..

بەڵام ڕواڵەتی دەرەوەی میعراج: پێغەمبەرایەتی‌یە، چونکـە لـە لایـەن "حـەق تـەعالا"وە بۆ لای سەرجەمی "خەلق" هاتووە و ڕەوانە کراوە.

"ویلایەت" بریتی‌یە لـە: بڕینی پلـەکانی نزیکبوونـەوە لـە خـوای گـەورەوە و، پێویسـتی بـە کات و بڕینی چەند پلەیەکی زۆر هەیە.

بـەڵام "پێغەمبەرایـەتی" کــە مــەزنترین ڕووناکی‌یــە، ڕووی لــە دەرکــەوتنی نــهێنیی: "ئەقرەبییەت"ی خوای گەورەیە، کە یەك چاوتروو کاندنی کتوپڕی و چرکەیـەکی خێرای بە خوڕەمی سەروزیادە، بۆیە لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە کە: پێغەمبەر ﷺ یەکسـەری و خێرا لە میعراج گەڕاوەتەوە.

وا ئێستاش گوفتارمان ئاراسـتەی ئـەو موڵحیـدە دەکـەین کـە لـە شـوێنی گوێبیسـتدا دانیشتووە و، پێی دەڵێین:

مادەم ئەم جیهانە وەك وڵاتێکی لەوپەڕی ڕێکوپێکی‌دا و، لە وێنەی شـارێکی لەڕادەبەدەر هـاوسـەنـگ و ڕێـك و، کۆشـکێکی لـە ئەندازەبـەدەر ڕازاوە و جواندایـە، ئـەوا دەبـێ: فەرمانڕەوا و، خاوەن و، سنعەتکارێکی هەبێت.

جا مادەم ئەو خاوەنە مەزن و، فەرمانڕەوا کـامڵ و، سنعەتکارە جوانـە هەیـە.. لـە لایـەکی تریشەوە مرۆڤێك هەیە کە خاوەنی ڕوانینێکی هەمەکی‌یە و، لـە ڕێـی هەسـت و نەستەکانیەوە پەیوەندی‌یەکی گشتیی بـەو جیـهان و وڵات و کۆشـکەوە هەیـە.. ئـەوا دەبێ ئـەو کردگـارە مـەزنـە پەیوەندی‌یەکی بەرز و بەتینی لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا هەبێـت کـە خـاوەنی ڕوانینێکـی ئـاوا هـەمـەکی و هەست و شعوورێکی ئاوەها گشتی‌یە. بێ هیـچ گومانێکیش گوفتاری قودسـی و ڕووتێکردنی بەرزی خۆی ئاراستەی ئەو مرۆڤە دەکات..

ئنجا مادەم لە نێـوان ئـەو کەسـانەی کـە بـەو پەیوەندی‌یـە بـەرزە بـەهرەوەر بـوون، هـەر لـە زەمـانی حـەزرەتی ئادەمـەوە - درووودی لەسـەر بێـت - تـا دنیـا دنیایـە، حـەزرەتی محەممـەدی پێغەمبەری ئەمین ﷺ بە شایەتیی ئاسەوارەکانی (واتە بـە حوکمڕانـی کردنـی بـۆ نیـوەی گـۆی زەوی و پێنج یەکی گرۆی مرۆڤایەتی و، گۆڕینی ڕوخساری مەعنەویی بوونەوەران و ڕووناك کردنەوەیان).. بە مەزنترین و ڕوونـترین شـێوە ئـەو پەیوەندی‌یـە بـەرز و بڵنـدەی دەرخستووە، ئەوا شایستەترین و شایانترین کەسێکە شەرەفمەندی ئەو میعراجە بێت کە مەزنترینی پلەکانی ئەو پەیوەندی‌یەیە!

بناغەی دووهەم

حەقیقەتی میعراج چییە؟

وەلام:

بریتییە لە گەشت و گەڕان و بڕینی پلەكانی كەمالات لە لایەن زاتی ئەحمەدییەوە ﷺ.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە:

خوای گەورە بە چەند ناونیشان و ناوێكی جۆراوجۆر نیشانە و ئاسەوارەكانی پەروەردگاریتیی خۆی لە ڕێكخستنی بوونەوەراندا پێشچاو خستووە و.. مەزنیی پەروەردگارێتییەكەشی بە كارسازی و بەدیهێنان لە ئاسمانی هەموو ئەو فەرمانگانەدا ئاشكرا كردووە كە هەر خۆی بەدیی هێناون و، كە هەر یەكە لەو ئاسمانانە خولگەیەكی مەزنی عەرشی پەروەردگاری و مەڵبەندێكی شكۆمەندی هەڵسوكەوتی خواوەندن.

جا خوای گەورە، یەك لە دوای یەكی ئەو نیشانە مەزن و شوێنەوارە گەورانەی پیشانی ئەو بەندە دەستنیشان كراوە هەڵبژاردەیەی خۆی داوە و، بە بوراق بەرزی كردووەتەوە و، لە فەرمانگەیەكەوە بۆ فەرمانگەیەكی دیكە و لە مەنزڵێكەوە بۆ مەنزڵێكی تر، بە وێنەی مەنزڵگاكانی مانگ، بردوویەتی و گشت پلە و پایە یەك لە دوای یەكەكانی بە چەشنی برووسكە پێ بڕیوە. تاكو پەروەردگاریتیی خوایەتیی خۆی لە ئاسمانەكاندا پیشان بدات و، دیدار و چاوپێكەوتنیشی لەگەڵ یەكبەیەكی برا پێغەمبەرەكانی و هەریەكەیان لە مەقامی خۆی لەو ئاسمانانەدا بۆ ساز بكات.. بەم شێوەیە، پلە لە دوای پلەی پێ بڕی تا بەرزی كردەوە بۆ مەقامی "قاب قوسین" و، بە لێدرەوشانەوەی "ئەحەدییەت"یش شەرەفمەندی گوفتار و بینینی خۆی كرد، تاكو هەموو كەمالاتێكی ئادەمی لەودا جەم بكات و، ئەو بەندەیەی بەهرەمەندی گشت درەوشانەوە خواییەكان ببێت و، شایەت بێت بەسەر هەموو چینەكانی بوونەوەرانەوە و، خەڵكی بەرەو دەسەڵاتداریی پەروەردگاریتیی خواوەند بانگ بكات و، ئەو شتانەشیان پێ ڕابگەیەنێت كە مایەی ڕەزامەندیی خواوەندن و، مەتەڵ و گرێ كوێرەی بوونەوەرانیشیان بۆ شی بكاتەوە و نهێنییەكانیشیان بۆ بخاتە ڕوو.

دەتوانرێت ئەم ڕاستییە بەرزە لە ڕوانگەی دوو نموونەوە ببینرێت.

❖ **نموونەی یەكەم:**

لە وتەی بیست و چوارەمدا ئەم نموونەیەمان بەمەی خوارەوە ڕوون كردووەتەوە:

"پادشا"ی دنیایی لە ناوەندی فەرمانگەكانی حكومەتەكەیدا چەند ناونیشانێكی جیاجیای هەیە و، لە نێوان چینەكانی ڕەعیەتەكانیدا چەند وەسفێكی جۆراوجۆری بۆ دادەنرێت و، لە توێی یەكبەیەكی پلەكانی پادشاییەكەشیدا خاوەنی چەند نیشانە و ناوێكی جیاجیایە. بۆ نموونە: لە فەرمانگەكانی دادگەریدا خاوەنی ناوی: "فەرمانڕەوای دادگەر"ە و.. لە فەرمانگە مەدەنییەكاندا بە ناونیشانی "پادشا" دەناسرێت و.. لە فەرمانگە سەربازییەكاندا دارای ناوی: "سەركردەی گشتی"یە و.. لە فەرمانگە شەرعییەكانیشدا بە ناونیشانی "خەلیفە" تەماشا دەكرێت.. بەم جۆرە، گەلێ ناونیشان و ناوی تری هەیە..

كەواتە "پادشا" لەناو هەموو یەكێك لە فەرمانگەكانی دەوڵەتەكەیدا پلە و پایە و كورسییەكی ئەوتۆی هەیە كە بە وێنەی عەرشێكی مەعنەویی ئەو وان. جا لەسەر ئەم بناغەیە، دەكرێ ئەم پادشا تاك و تەنیایە لە نێوان فەرمانگەكانی ئەو پادشایەتییە و لە ناوەندی چینەكانی حكومەتدا خاوەنی هەزار و یەك ناو بێت، واتە دەگونجێ هەزار و یەك عەرشی هاوچەقی یەك لەناو یەكی ببێت، بە ڕادەیەك كە دەڵێی ئەو پادشا فەرمانڕەوایە لە هەموو یەكێكی فەرمانگەكانی دەوڵەتەكەیدا ئامادەیە و، بە كەسێتییە مەعنەوییەكەی و تەلەفۆنە تایبەتییەكەی ئاگای لە ڕووداوەكانی یەك بە یەكیانە و، بە یاسا و ڕێساكانی خۆیشی و لە ڕێی نوێنەرەكانیەوە لە هەموو یەكێكی ئەو چینانەدا دەبینرێت و خۆیشی هەموویان دەبینێت و، بە دانست و زانست و هێزی خۆی لە پشت پەردەوە هەموو پلەیەك لەو پلانە بەڕێوە دەبات. چونكە هەموو فەرمانگەیەك مەڵبەند و جێگای تایبەتی خۆی هەیە كە حوكمی هەریەكەیان لەوانی تر ناچێت و چینەكانیشیان لە یەكتر جیاوازە.

جا بێ گومان ئەو پادشایە، لە گەشتێكی فراواندا ئەو كەسەی كە مەبەستیەتی و هەڵبژاردەی خۆیەتی، دەگێڕێت و، بەناو هەموو فەرمانگەكانی ئەو پادشاییەیدا دەیبات و، سام و شكۆی دەوڵەتەكەی و مەزنیی پادشاییەكەی لە هەموو یەكێكی ئەو فەرمانگانەدا پیشان دەدات و، یەكبەیەكی ئەو فەرمانە حەكیمانەی خۆی بۆ دەردەخات كە تایبەتن بە هەموو یەكێك لەو فەرمانگانەوە. بەم جۆرە، لە فەرمانگەیەكەوە بۆ فەرمانگەیەكی دیكە و، لە چینێكەوە بۆ چینێكی تر، دەیبات و بەرزی دەكاتەوە تا دەیگەیەنێتە پلەی مەقام و حوزووری خۆی. ئنجا دوای ئەوە لە لایەن خۆیەوە بۆ لای هەموو خەڵكی ڕەوانەی دەكات و، هەندێ لە فەرمانە هەمەكی و گشتییەكانی خۆیشی پێ دەسپێرێت كە پەیوەندییان بە سەرجەمی ئەو فەرمانگانەوە هەیە.

ئێمەش بەم جۆرە لە ڕوانگەی ئەم نموونەیەوە دەڕوانین و، دەڵێین:

پەروەردگاری هەموو جیهانەكان، كە پادشای ئەزەل و ئەبەدە، لە ناوەندی پلەكانی

په‌روه‌ردگاریتی‌یه‌كه‌ی‌دا گه‌لێ كاروبار و ناونیشانی جیاجیای هه‌یه، به‌لام هه‌موو یه‌كێك له‌وانه بۆ یه‌كتری ده‌ڕوانن..

هه‌روه‌ها له نێوان فه‌رمانگه‌كانی خوایه‌تی‌یه‌كه‌ی‌دا چه‌ند نیشانه و ناوێكی جۆراوجۆری هه‌یه، به‌لام له یه‌كتری‌دا ده‌بینرێن..

هه‌روه‌ها له توێی كار به‌ڕێ كردنه مه‌زنه‌كانی‌دا چه‌ند دره‌وشانه‌وه و ده‌ركه‌وتنێكی جیاوازی هه‌یه، به‌لام له یه‌كتر ده‌چن..

هه‌روه‌ها له‌ناو هه‌لسوكه‌وته‌كانی توانسته‌كه‌یشی‌دا چه‌ند ناونیشانێكی هه‌مه جۆره‌ی هه‌یه، به‌لام هه‌ریه‌كه‌یان ئه‌وانی تر ده‌ناسێنێت..

هه‌روه‌ها له ناوه‌ندی دره‌وشانه‌وه‌ی سیفه‌ته‌كانی‌دا چه‌ند مه‌زهه‌رێكی خاوێنی جیاجیای هه‌یه، به‌لام یه‌كتر ده‌رده‌خه‌ن..

هه‌روه‌ها له نێوان دره‌وشانه‌وه‌ی كاره‌كانی‌دا چه‌ند هه‌لسوكه‌وتێكی له‌یه‌ك نه‌چووی هه‌یه، به‌لام یه‌كتری ته‌واو ده‌كه‌ن.

هه‌روه‌ها له‌ناو سنعه‌ت و به‌دیهاتووه‌كانی‌دا چه‌ند دره‌وشانه‌وه‌یه‌كی به‌سام و شكۆ بۆ په‌روه‌ردگاریتی‌یه‌كه‌ی هه‌یه، به‌لام هه‌ریه‌كه‌یان چاوی له‌وانی تره.

جا له‌سه‌ر بناغه‌ی ئه‌م نهێنی‌یه مه‌زنه:

خوای گه‌وره ئه‌م گه‌ردوونه‌ی به‌پێی ته‌رتیبێكی هێنده سه‌یر ڕێكخستووه كه مرۆڤ تووشی سه‌رسامی و سه‌رسووڕمان ده‌كات، چونكه هه‌ر له گه‌ردیله‌كانه‌وه، كه به بچووكترین چینه‌كانی بوونه‌وه‌ران داده‌نرێن، تا ده‌گاته ئاسمانه‌كان.. ئنجا له یه‌كه‌م چینی ئاسمانه‌كانیشه‌وه تا ده‌گاته عه‌رشی ئه‌عزه‌م، بریتین له چه‌ند ئاسمانێك كه یه‌ك له‌سه‌ر یه‌ك بنیات نراون و، هه‌ر ئاسمانێكیان له حوكمی بن‌میچی جیهانێكی تردایه و، به وێنه‌ی عه‌رشێكی په‌روه‌ردگاری و مه‌لبه‌ندێك وایه بۆ هه‌لسوكه‌وته خوایی‌یه‌كان.

خۆ هه‌رچه‌ند ده‌گونجێ هه‌موو ناوه‌كان به هه‌موو ناونیشانه‌كانیانه‌وه – له ڕوانگه‌ی ئه‌حه‌دییه‌ته‌وه – له هه‌موو ئه‌و فه‌رمانگه و چینانه‌دا ده‌ربكه‌ون، به‌لام هه‌روه‌ك ته‌نها ناونیشانی "فه‌رمانڕه‌وای دادگه‌ر" له فه‌رمانگه‌ی دادگه‌ری‌دا زال و سه‌ره‌كی ده‌بێت و ناونیشانه‌كانی تر شوێنكه‌وته‌ی ئه‌و ناونیشانه ده‌بن و بۆی ده‌ڕوانن، به هه‌مان جۆر – ولله المثل الأعلى – له هه‌موو چینێكی بوونه‌وه‌ران و له هه‌موو یه‌كێك له ئاسمانه‌كانی‌دا ناونیشان و ناوێكی خوای گه‌وره زال و فه‌رمانڕه‌وا ده‌بێت و، ناونیشانه‌كانی تر شوێنكه‌وته و له ناوه‌ندی ئه‌ودا ده‌بن.

بۆ نموونه: حه‌زره‌تی عیسا – دروودی له‌سه‌ر بێت – كه شه‌ره‌فمه‌ندی ناوی "القدیر"ی خوای گه‌وره‌یه، له چ ئاسمانێكدا چاوی به پێغه‌مبه‌ری سه‌ردارمان كه‌وت ﷺ، ئه‌وا خوای

گەورە لە فەرمانگەی ئەو ئاسمانەدا ڕاستەوخۆ بە ناونیشانی: "القدیر" دەرکەوتووە.

نموونەیەکی تر: ناونیشانی "المتکلم"یش کە حەزرەتی مووسای - دروودی لەسەر بێت - پێ بەهرەمەند بووە، بەسەر فەرمانگەی ئەو ئاسمانەدا زاڵە کە مەقامی حەزرەتی مووسایە، دروودی لەسەر بێت.

جا پێغەمبەری ئەعزەم ﷺ (کە بە ئیسمی ئەعزەم بەهرەمەند بووە و، پێغەمبەرایەتی‌یەکەشی گشتی‌یە و، هەموو درەوشانەوەکانی ناوە جوانەکانی خوای گەورەشی دەست کەوتووە) لەبەر ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ سەرجەم فەرمانگەکانی پەروەردگارێتی‌دا هەیە.. ئەوا دەبێ حەقیقەتی میعراجەکەی داخوازی چاوپێ کەوتنی هەموو پێغەمبەران بێت کە لەو فەرمانگانەدا خاوەن مەقامن و، دەبێ بەناو هەموو چینەکاندا بڕوات و تێپەڕ بێت.

❖ **نموونەی دووهەم:**

ناونیشانی "سەرکردەی مەزن" کە یەکێکە لە ناونیشانەکانی پادشا، لە هەموو فەرمانگەیەکی سەربازی‌دا دەرکەوتنێکی هەیە، هەر لە فەرمانگەی سەرکردەی گشتی و سەرۆکایەتیی ئەرکانەوە، کە فەرمانگەیەکی هەمەکی و فراوانە، تا دەگاتە فەرمانگەی عەریف، کە فەرمانگەیەکی هەندەکی و تایبەتە..

بۆ نموونە: هەموو تاکە سەربازێك وێنە و نموونەی سەرکردایەتیی هەرەمەزنی سوپا لە خودی عەریفەکەی‌دا دەبینێت، بۆیە ڕوو لە عەریفەکەی دەکات و فەرمانەکان لەو وەردەگرێت. بەڵام کە ئەم سەربازە خۆی بوو بە "عەریف" ناونیشانی ئەو سەرکردایەتی‌یە لە فەرمانگەی سەرۆکەکەی‌دا دەبینێت کە "رأس العرفا"یە و بۆ فەرمان وەرگرتن ڕوو لەو دەکات. ئنجا کە بوو بە "رأس العرفاء" نموونە و دەرکەوتنی سەرکردایەتیی گشتی لە فەرمانگەی "ملازم"دا دەبینێت، چونکە فەرماندەی گشتی کورسی‌یەکی تایبەتیی لەو مەقامەدا هەیە.. بەم جۆرە ناونیشانی ئەو سەرکردایەتی‌یە مەزنە لە هەموو فەرمانگەکانی تری وەك فەرمانگەی: "نەقیب و ڕائید و فەریق و موشیر"دا دەبینێت، بەپێی فراوانیی یان تەنگ و تەسکیی هەریەك لەو بازنانە.

ئێستا ئەگەر فەرماندەی هەرەمەزن بیەوێت ئەرك و فەرمانبەری‌یەك کە پەیوەندیی بە هەموو فەرمانگە سەربازی‌یەکانەوە بێت بە تاکە سەربازێك بسپێرێت و، بیەوێت بۆ مەقامێکی هێندە بڵند بەرزی بکاتەوە کە لە لایەن هەموو ئەو فەرمانگانەوە ببینرێت و ئەویش هەموو ئەوان ببینێت، وەك بڵێی بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیکاری هەموویان بێت، ئەوا بێ هیچ گومانێك سەرکردەی هەرە مەزن ئەو تاکە سەربازە بە ناو هەموو ئەو فەرمانگانەدا دەبات، هەر لە فەرمانگەی عەریفەوە تا فەرمانگە مەزنەکەی خۆی، تاکو هەموویان ببینێت و ئەوانیش

هەموویان ئەو ببینن. پاش ئەوە لە مەقامی حوزووری خۆی وەری دەگرێت و، بە گوفتاری خۆی شەرەفمەندی دەکات و، بە فەرمانەکانی خۆی و مەدالیاکانیشی ڕێزی لێ دەگرێت.. پاشان لە هەمان کاتدا و بە یەك چاوتروو کاندن دەینێرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە.

پێویستە سەرنج بۆ لای خاڵێکی ناو ئەم نموونەیە ڕابکێشین، کە بریتییە لەوەی: ئەم پادشایە ئەگەر کۆڵەوار و دەستەوسان نەبێت و، هەروەك هێزی ڕواڵەتیی هەیە توانستێکی ڕۆحی و مەعنەویشی هەبێت، ئەوا کەسانێکی وەك فەریق و موشیر و ملازم ناکات بە وەکیل، بەڵکو هەر بە خودی خۆی لە هەموو شوێنێکدا ئامادە دەبێت و هەر خۆی ڕاستەوخۆ لە پشتی چەند پەردەیەك و چەند کەسێکی خاوەن مەقامەوە فەرمانەکانی دەردەکات، هەروەك دەگێڕنەوە کە چەند پادشایەك هەبوون کە ئەولیای کامڵ بوون و، لە چەندین فەرمانگەی زۆر و لە شێوەی هەندێ کەسدا، فەرمانەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە.

بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئێمە لە چاویلکەی ئەم نموونەیەوە بۆی دەڕوانین بریتییە لەوەی کە: حوکم و فەرمان ڕاستەوخۆ لە لایەن سەرکردەی گشتییەوە بۆ هەموو یەکێك لە فەرمانگەکان دێت و، لەوێدا بە فەرمان و ویست و هێزی خۆی، کە هیچ کۆڵەوارییەکی تێدا نییە، دەستبەجێ، جێبەجێ دەکرێت.

جا بە وێنەی ئەم نموونەیە:

هەموو چینێك لە چینەکانی بەدیهاتووان و تاقمەکانی بوونەوەران، هەر لە گەردیلەکانەوە تا هەسارەکان و لە مێرووەکانەوە تا ئاسمانەکان، ئەوانەی کە بە کەماڵی ملکەچی و گوێڕایەڵی: فەرمانەکانی پادشای ئەزەل و ئەبەد و، کاروبارەکانی فەرمانڕەوای زەوی و ئاسمانەکان و فەرماندەی موتڵەقی خاوەن فەرمانی "کن، فیکون"یان تێدا جێبەجێ دەکرێت.. لە هەموو یەکێك لەو چینانەدا، فەرمانگەی پەروەردگارێتییەکی مەزن و، فەرمانڕەوایەتییەکی زاڵ، بە چەند چینێکی جۆراوجۆر و چەند تاقمێکی جیاجیای بچووك و گەورە و جوزئی و کوللی دەبینرێت، کە هەریەکەیان ڕووی لەوی ترە.

جا بۆ ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕێی بینینی ئەنجامدانی ئەرکی بەندایەتییە جۆراوجۆرەکانی هەموو چینەکانەوە، لە گشت ئامانجە بەرزە خواییەکان و ئەنجامە مەزنەکانی ناو گەردوون تێ بگات..

هەروەها بۆ ئەوەی بە بینینی دەستەڵاتداریی پەروەردگارێتیی مەزنی خوای گەورە و سام و شکۆی فەرمانڕەوایەتییە خاوەن عیزەتەکەی پەی بەو شتانە ببات کە مایەی ڕەزامەندیی ئەو خاوەن مەزنی و گەورەییەن..

هەروەها بۆ ئەوەی ببێت بە بانگەوازکاری خەڵکی بۆ لای خوای گەورە..

ئەوا دەبێ بە ناو سەرتاسەری ئەو چین و فەرمانگانەدا بڕوات تا دەگاتە عەرشی ئەعزەم، کە ناونیشانی فەرمانگە مەزنەکەی خواوەندە و، دەبێ بڕواتە "قاب قوسین" واتە بچێتە مەقامێك لە نێوان "ئیمکان و وجوب"دا کە بە: "قاب قوسین" ئاماژەی بۆ کراوە و، موقابەلەی زاتی جوان و شکۆمەندی خوای گەورە بکات.

جا حەقیقەتی میعراج بریتی‌یە لەم ڕۆشتن و گەشت و موقابەلەیە!

ئنجا هەروەك هەموو مرۆڤێك لە ڕێی "ژیری"یەوە بە خێرایی ئەندێشە دەگەڕێت و.. هەموو وەلی‌یەکیش بە "دڵ" بە خێرایی هەورەبرووسکە جموجوڵی خۆی هەیە و.. هەموو مەلائیکەتێك لە "جەستە نوورانی"یەکەی‌دا بە خێرایی ڕۆح لە عەرشەوە بۆ فەرش و لە فەرشەوە بۆ عەرش دێت و دەڕوات و.. ئەهلی بەهەشتیش بە خێرایی بوراق لە مەیدانی حەشرەوە بۆ بەهەشت و بەرەو مەودایەکی دووری زیاتر لە پێنج سەد ساڵ، بەرز دەبنەوە..

بە هەمان جۆر، جەستە و لەش و لاری حەزرەتی محەممەدیش ﷺ کە گەنجینەی ئامێرە بەرزەکانی و خولگەی چەندین کارمەندیی لەسنووربەدەری ڕۆحە بەرزەکەیەتی. بێ هیچ گومانێك، هاوگەشتی ئەو ڕۆحە محەممەدی‌یە دەبێت کە یەك پارچە نوورە و، لە توانا و لێهاتنی نووردایە و، ئنجا لە دڵی ئەولیاکان نیانتر و، لە ڕۆحی مردووان ناسکتر و، لە لەش و لاری مەلائیکەتانیش تەنکترە و، لە جەستەی ئەستێرەیی و تەنی میسالیش گەلێ ناسك و نیانترە.. بێ هیچ گومانێك، ئەو جەستەیە هاوگەشتی ئەم ڕۆحە دەبێت و لەگەڵ ئەو لەو میعراجەدا بۆ عەرشی ئەعزەم سەر دەخرێت و بەرز دەبێتەوە!

با ئێستاش سەیرێکی ئەو مولحیدە بکەین کە لە مەقامی گوێبیستدا دانیشتووە.

❑ وا بە دڵدا دێت کە ئەو مولحیدە لە دڵی خۆی‌دا دەڵێت:

من نە ئیمانم بە خوا هەیە و نە پێغەمبەریش دەناسم، ئیتر چۆن باوەڕ بە میعراج بکەم؟

ئێمەش پێی دەڵێین:

مادەم لە ڕاستی‌دا ئەم بوونەوەرانە هەن و، چەندین کار و بەدیهێنانیان تێدا دەبینرێت..

مادەم کاری ڕێکوپێك بێ بکەر و، کتێبی ڕەوان بێ نووسەر و، نەخش و نیگاری ناوازەش بێ وێنەکێش نەبووە و نابێت..

ئەوا دەبێ ئەم کارە سەرانسەر حیکمەتانەی کە هەموو شوێنێکی بوونەوەرانیان گرتووەتەوە: بکەرێکیان هەبێت و، ئەم نەخش و نیگارە ناوازە و نامیلکە ڕەوانانەش کە گۆی زەوی‌یان پڕ کردووە و لە هەموو وەرزێکدا نوێ دەبنەوە، دەبێ نیگارکێش و نووسەرێکیان ببێت.

ئنجا لەبەر ئەوەی کە بوونی دوو فەرمانڕەوا لە هەر شتێکدا ڕێسای ئەو شتە تێك دەدات و.. لە لایەکی تریشەوە ئێمە کە چاو دەگێڕین ڕێسا و ڕێکوپێکیی تەواو لە هەموو

شتێکدا دەبینین، هەر لە باڵی مێشەوە تا دەگاتە چراکانی ئاسمان..

ئەوا دەبێ ئەو فەرمانڕەوایە "تاك" و "تەنیا" بێت. چونکە سنعەت و حیکمەت لە هەموو بەدیهاتووواندا هێندە ورد و ناوازەن کە دەبێ سنعەتکارەکەیان خاوەنی توانستێکی ڕەها بێت و توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەبێ و لە هەموو شتێکدا زانا بێت. چونکە ئەگەر یەك فەرمانڕەوای تاك و تەنیا نەبوایە ئەوا پێویست دەبوو بە ئەندازەی ژمارەی بوونەوەران خوای جۆراوجۆر ببوایە و، ئەو کاتەش هەموو یەکێك لەو خوایانە لە یەك دەچوون و دژی یەکتریش دەبوون! دیارە لە حاڵێکی وادا تێك نەچوونی ئەو ڕێسایە مەحاڵێکی ئەندەر هەزار مەحاڵ دەبێت!!

پاشان لەبەر ئەوەی چینەکانی ئەم بوونەوەرانە – وەك بە ڕوونی لە بەرچاودایە – هەزار جار زیاتر لە (سوپای ڕێکخراو) ڕێکوپێکی و گوێڕایەڵی دەردەخەن.. ئەوەتا هەریەك لە جموجووڵەکانی ئەستێرەکان و خۆر و مانگ تا دەگاتە ڕێکوپێکیی گوڵی چواڵە، لەو نیشانە و مەدالیایانەدا کە خاوەن توانستی ئەزەلی پێی بەخشیون و ئەو بەرگە جوانانەش کە ئەو لەبەری کردوون و لەو جموجووڵ و کارانەشدا کە بۆی دەستنیشان کردوون، هێندە ڕێکوپێکیی ناوازە و کامڵ دەردەخەن کە هەزار هەزار جار لە سەرووی ئەو ڕێسا و گوێڕایەڵییەوەیە سوپا ئەنجامی دەدات.. لەبەر ئەوە، ئەم بوونەوەرانە – بە حەتمی – خاوەنێکی حەکیمی خاوەن دانستی ڕەهایان هەیە کە لە پشت پەردەی غەیبەوەیە و، بەدیهاتووانیش چاوەڕوانی فەرمانەکانی ئەون تاکو لە خۆیاندا جێبەجێیان بکەن.

ئنجا مادەم ئەو خاوەن دانستە ڕەهایە، بە شایەتیی هەموو کاروبارە پڕ لە حیکمەتەکانی و بەو ئاسەوارە مەزنانەش کە دەریاندەخات، پادشایەکی شکۆمەندە و..

بەو چاکە و نیعمەتانەش کە دەیانبەخشێت، پەروەردگارێکی خاوەن میهرەبانیی فراوانە و..

بەو دروستکراوە ناوازانەش کە پێشچاوی خستوون، دروستکەر و داهێنکارێکی وایە کە سنعەتی خۆی گەلێ خۆش دەوێت و..

بەو ئارایشتە جوان و سنعەتە ناوازانەی کە لە هەموو لایەکدا بڵاوی کردوونەتەوە، دەردەکەوێت کە: بەدیهێنەرێکی دانایە، دەیەوێت هەستی سەرسووڕمان لای خاوەن هەست و شعوورەکان بورووژێنێت و سەرنجی پێ جوان بوونی بەدیهاتووانی لە لایەن ئەوانەوە پێ ڕابکێشێت و..

ئنجا لەو جوانییە دڵگیر و بێ وێنەیەوە، کە لە بەدیهێنانی جیهاندا بە ناوازەیی پێش چاوی خستووە، دەردەکەوێت کە: دەیەوێت بەدیهاتووە خاوەن هەست و شعوورەکانی

تێبگەیەنێت کە: مەبەستی لەم ئارایشتانە چی‌یە و؟ بوونەوەران لەکوێوە هاتوون و؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟

مادەم ئەو فەرمانڕەوا دانا و کردگارە زانایە، ئاوەهایە .. ئەوا بێ هیچ گومانێك پەروەردگاریتی‌یە مەزنەکەی خۆی دەردەخات و ئاشکرای دەکات..

ئنجا لەبەر ئەوەی بە: دەرخستنی ئاسەوارەکانی لوتف و میهرەبانی و بلاوکردنەوەی سنعەتە ناوازەکانی، دەیەوێت خۆی بناسێنێت و لای خاوەن هەستان خۆی خۆشەویست بکات، ئەوا بێ گومان، بەهۆی ڕاگەیەنەرێکی ئەمینەوە، ئەو داواکاری‌یانە ڕادەگەیەنێت کە لە خاوەن هەستانی دەوێت و، هەر لەم ڕێیەوە ئەو شتانەشیان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە مایەی ڕەزامەندیی ئەون. کەواتە بە حەتمی لە نێوان خاوەن هەستەکاندا یەکێك دەستنیشان دەکات کە پەروەردگاریتی‌یەکەی خۆی لە ڕێی ئەوەوە دەربخات و.. بانگەوازکارێك لە نێوان ئەواندا هەڵدەبژێرێت تاکو بە نزیکیی خۆی بەهرەمەندی بکات و هەواڵی بەدیهاتووە خۆشەویستەکانی خۆیشی لەو ڕێیەوە ڕابگەیەنێت و.. مامۆستایەك دادەنێت کە خاوەن هەستەکان لە ئامانجە بەرزەکانی خواوەند شارەزا بکات و، لەم ڕێیەوە کەماڵاتی خۆی دەربخات و.. ڕابەرێك دادەنێت کە خەڵکی شارەزای واتا و ناوەڕۆکی بوونەوەران بکات تاکو ئەو مەتەڵەی کە لەم گەردوونەدا دایناوە، بە گرێ کوێرە و شی‌نەکراوەیی نەمێنێتەوە و، ئەو کاروبارە پەروەردگاری‌یانەش کە لەم بوونەوەرانەدا حەشاری داون، بێ واتا دەرنەچن و.. پێشەوایەك دەستنیشان دەکات کە خەڵکی بە ئامانجەکانی خواوەند ئاشنا بکات تاکو جوانکاری‌یەکانی سنعەتی خۆی - کە پێش‌چاوی خستوون - بێ‌هوودە و بێ‌سوود دەرنەچن و، بێ هیچ گومانێك لە نێوان ئەو خاوەن هەستانەدا یەکێکیان بۆ پلەیەکی بڵندتر لە هی هەموویان بەرز دەکاتەوە و ئنجا ئەو شتانەی تێدەگەیەنێت کە مایەی ڕەزامەندیی خۆین و، پاشان دەینێرێتەوە بۆ لای ئەوان.

مادەم "حەقیقەت" و "حیکمەت" داخوازی ئەمەن، ئەوا شایانترین و شایستەترین کەس کە بتوانێت مافی تەواو بەم کارمەندی و ئەرکانە بدات: حەزرەتی محەممەدە ﷺ. چونکە لە ڕاستی‌دا بە تەواوترین شێوە ئەو ئەرکانەی ئەنجام دا. شایەتی ڕاست و دادگەریش لەسەر ئەمە بریتی‌یە لەو جیهانی ئیسلامەی کە دایمەزراند و ئەو نوورە ڕووناکەی ئایینی ئیسلامیش کە ئاشکرای کرد..

لەبەر ئەمانە، دەبێ ئەم پێغەمبەرە بەرێزەی خۆی ﷺ ڕاستەوخۆ بەرز بکاتەوە بۆ مەقامێکی هێندە بڵند کە لە سەرووی پلەی هەموو بوونەوەران و گشت بەدیهاتووانەوە بێت، تاکو بە ئامادەبوون لە بەردەم حوزووری پەروەردگاری هەموو جیهانەکاندا بەهرەمەند ببێت. کەواتە "میعراج" ئەم ڕاستی‌یە دەردەخات و ڕایدەگەیەنێت.

پوختەی ئەم قسەیە:

خواوەندی خاوەن دانستی ڕەها ئەم بوونەوەرە مەزنانەی ڕێکخستووە و ڕازاندوونیەتەوە تاکو ئەم چەشنە مەبەستە گەورە و ئامانجە بەرزانە دەربخات و.. ئنجا لە نێوان ئەم بوونەوەرانەشدا گرۆی مرۆڤی بەدی هێناوە کە دەتوانێت هەموو وردەکاریەکانی ئەم پەروەردگاریتی‌یە گشتی‌یە و سەرجەم ڕاستی‌یەکانی ئەم خوایەتی‌یە شکۆمەندە ببینێت.. جا بێ گومان ئەو خاوەن دانستە ڕەهایە لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا دەدوێت و ئامانجەکانی خۆی تێدە گەیەنێت.

ئنجا لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێك ناتوانێت بۆ بەرزترین مەقامی هەمەکی بەرز بێتەوە و، بە تەواوەتی دەستبەرداری هەندەکێتی و "پلە نزمی" ببێت، ئەوا بێ گومان ئەو ئەرکە بە هەندێك لەو کەسە تایبەتمەندانە دەسپێرێت، تاکو پەیوەندیی لەگەڵ هەردوو لادا ببێت، واتە: دەبێ مرۆڤ بێت تاکو گرۆی مرۆڤ فێر بکات و بەو ئامانجە ناوبراوانەیان ئاشنا بکات، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی ڕۆحێکی لەوپەڕی بەرزی و بلندی‌دا بێت تاکو ڕاستەوخۆ شەرەفمەندی گوفتاری خواوەند ببێت.

پاشان، لەبەر ئەوەی باشترین و گەورەترین کەس لەناو گرۆی مرۆڤدا کە ئامانجەکانی پەروەردگاری جیهانیانی ڕاگەیاندبێت و، ئەو نهێنی‌یەی ئاشکرا کردبێت و مەتەڵی بەدیهاتنی شی کردبێتەوە و، کاملترین کەسێك بێت کە خەڵکی بۆ لای مەزنیی لایەنە جوانەکانی پەروەردگاریتیی خوا بانگ کردبێت: حەزرەتی محەممەدە ﷺ.. ئەوا بێ هیچ گومانێك لە نێوان هەموو گرۆی مرۆڤدا گەشت و گەڕان و سلووکێکی تایبەتی و مەعنەویی بەرزی بۆ دەستنیشان دەکرێت کە لە جیهانی ماددی‌دا لە شێوەی گەشت و گوزاردا بێت و، لە پشتی چینی بوونەوەران و بەرزەخی ناوەکان و درەوشانەوەی سیفات و کارەکانەوە چەندەها پلەی یەك لە دوای یەك دەبڕێت کە بە "حەفتا هەزار پەردە" ناو دەبرێن.

"میعراج" بریتی‌یە لەمە.

❑ هەروەها بە خەیاڵدا دێت کە:

تۆی گوێبیست لە ناخی دڵتەوە دەڵێیت:

چ واتایەك لەوەدا هەیە کە: دوای بڕینی ماوەی هەزاران ساڵ و تێپەڕبوون لە حەفتا هەزار پەردەوە ئامادەی حوزووری ئەو خواوەندە ببێت کە لەچاو هەموو شتێکی تر لە ئێمەوە نزیکترە؟ چۆن باوەڕ بەمە بکەم؟

ئێمەش دەڵێین:

خوای گەورە بۆ هەموو شتێك لە هەموو شتێك نزیکترە، بەلام هەموو شتێك بە دووریەکی ڕەها لەو خواوەندەوە دوورن!

گریمان "خۆر" خاوەنی هەست و شعوور و گوفتار بێت، ئەوا دەتوانێت بەو ئاوێنەیەی کە لەناو دەستتدایە قسەت لەگەڵدا بکات و هەر هەڵسوکەوتێکی مەبەست بێت لە تۆدا ئەنجامی بدات. جا لە کاتێکدا کە خۆر لە بیلبیلەی ئاوێنەئاسای چاوتەوە لێت نزیکترە، کەچی هەر لەو کاتەدا تۆ نزیکەی چوار هەزار ساڵ ڕێ لە خۆرەوە دووریت و، هەرگیز ناتوانیت بە هیچ شێوەیەك توخنی بکەویت و لێی نزیك ببیتەوە، تەنانەت گەر بۆ مەقامی مانگیش بەرز ببیتەوە و، بڕۆیتە خاڵێکی بەرامبەری ڕاستەوخۆی خۆرەوە، هێشتا جگە لە شتێکی وەك "ئاوێنەی وێنەدەرەوەی خۆر" چیی تر دەرناکەویت و هیچی ترت دەست ناکەوێت!

خۆری ئەزەل و ئەبەدیش کە خواوەندی گەورەیە – ولله المثل الأعلى – بە هەمان جۆرە، بۆ هەموو شتێك لە هەموو شتێك نزیکترە، هەرچەندە هەموو شتێك بە چەشنێکی ڕەها لە خواوەندەوە دوورە. مەگەر کەسێك چینەکانی سەرجەمی بوونەوەران – یەك لە دوای یەك – ببڕێت و، لە "هەندەکێتی" دەرباز ببێت و بە ناو یەك‌بەیەکی پلە "هەمەکی‌یەکان"دا سەربکەوێت و، بە ناو هەزاران پەردەدا بڕوات و، لە یەکێکی ئەو ناوانە نزیك بێتەوە کە دەوری هەموو بوونەوەرانیان داوە.. بەم جۆرە، گەلێ پلەی زۆر و زەبەندە لە بەردەم خۆیدا ببڕێت، ئنجا بە جۆرێك لە جۆرەکانی "نزیکی" شەرەفمەند ببێت.

نموونەیەکی تر: هەموو تاکە سەربازێك لە کەسایەتیی مەعنەویی سەرکردەی هەرە مەزن و گشتیی سوپاوە تابلێی دوورە و، لە ماوەیەکی یەکجار دوور و لە پشتی چەندین پەردەی مەعنەویی زۆرەوە بۆ ئەو سەرکردەیە دەڕوانێت و، بە نموونەیەکی بچووك لە پلەی عەریفەکەیدا دەیبینێت..

بەلام بۆ نزیکبوونەوەی ڕاستەقینەی لە کەسایەتیی مەعنەویی سەرکردەی مەزنەوە، دەبێ بە چەندین پلەی هەمەکیی زۆری وەك پلەی ملازم و نەقیب و ڕائید و... هتد..دا گوزەر بکات، لە کاتێکدا کە سەرکردەی مەزن لای ئامادەیە و لە ڕێی فەرمان و یاسا و چاودێریی دانست و زانستەکەیەوە ئەم دەبینێت و، گەر لە جیهانی مەعنا و ڕۆحیشدا سەرکردە بێت ئەوا بە زاتی خۆیشی ئامادەی لای ئەو سەربازە دەبێت، هەروەك بە شێوە و ڕواڵەت لە لای ئامادەیە.

لەبەر ئەوەی لە وتەی شازدەهەمدا – بە چەشنێکی بێ‌گومان – ئەم ڕاستی‌یە چەسپێنراوە، ئەوا لێرەدا بەم ئەندازە کورتە واز دەهێنین.

❏ هەروەها دێت بە خەیاڵدا کە تۆ لە ناخی دڵتەوە دەڵێیت:

من ئینکاریی بوونی "ئاسمانه‌کان" ده‌کەم و باوەڕم بە "مەلائیکەت" نی‌یە، ئیتر چۆن باوەڕ بە گەشت و گەڕانی مرۆڤێك بە ناو ئاسمانه‌کاندا و دیداری لەگەڵ مەلائیکەته‌کاندا، دەکەم؟

بەڵێ، تێگەیاندنی کارێك و پیشاندانی شتێك بۆ کەسێکی وەك تۆ کە پەردە بەسەر چاوی‌دا درابێت و ژیریشی دابەزیبێتە چاوی و جگە لە مادده چیی‌تر نەبینێت، کارێکی گەلێ سەخت و دژوارە. بەڵام "ڕاستی" هێندە خاوێن و ڕوونە کە تەنانەت کوێرەکانیش دەیبینن. بۆیە دەڵێین:

قسەی هەموان لەوەدا یەکانگیر بووە کە بۆشایی لای سەروومان(الفضاء) پڕە لە "أثـــیر" چونکە ڕووناکی و، کارەبا و، گەرمی و، شـلە ناسـك و نیان و بـە خورەمەکانی تری هاوچەشنیان، بەڵگەن لەسەر بوونی: "مادده"یەك کە بۆشایی پڕ کردووەتەوە.

جا هەروەك بەروبوومەکان بەڵگەی بوونی درەختەکانیانن و، گوڵەکانیش باخچەکان دەچەسپێنن و، گوڵەگەنمەکانیش بەڵگەی کێڵگەکانیانن و، ماسی‌یەکانیش بە ڕوونی و ئاشکرا دەبن بە بەڵگە لەسەر دەریاکانیان.. ئەم ئەستێرانەش، بە زەروورەت و بەداهەت، بەڵگەن لەسەر بوونی باخچە و شوێنی سەرهەڵدان و کێڵگە و دەریاکانیان.

ئنجا مادەم جیهانی "عولْوی" بە چەند شـکڵ و شێوەیەکی جۆراوجۆر بنیات نراوە و، هەریەکەیان لە ناوەندی چەند بارودۆخێکی جیاوازدا چەندین حوکمی جیاجیا دەردەخات، ئەوا شوێنی سەرهەڵدانی ئەو حوکمانەش - کە ئاسمانەکانن - بە هەمان جۆر جیاوازن و لە یەکتری جیان، چونکە هەروەك مرۆڤ جگە لە لەشی ماددی، چەندین جۆری "بوون"ی تری مەعنەویی هەیە وەك: ژیری و، دڵ و، گیان و، ئەندێشە و، حافیظـــە و، غەیری ئەمانەش.. "جیهان"یش بە هەمان جۆرە، کە لە شێوەی مرۆڤێکی گەورەتردایە و، "بوونەوەران"یش - کە ئەو درەختەیە بەری مرۆڤی گرتووە - جگە لە جیهانی جیسمانی(ماددی) گەلێ جیهانی تری تێدایە. ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەریەك لەو جیهانانە خاوەنی ئاسمانی خۆیەتی، هەر لە جیهانی زەوی‌یەوە تا دەگاتە جیهانی بەهەشت.

سەبارەت بە مەلائیکەتیشەوە دەڵێین:

لە کاتێکدا زەوی، کە لە هەسارە مامناوەندی‌یەکانە و لەچاو ئەستێرەکانیشدا چڕ و بچووکە، پڕ بێت لە چەندین جۆری لەژمارەبەدەری "ژیان" و "هەست و شعوور" کە بەنرخترین و درەخشانترین بوونەوەرن.. ئایا دەبێ سەبارەت بە ژیان و هەست و شعوورەوە ئاسمانەکان چۆن بن؟ کە بریتین لە چەند دەریایەکی فراوان بۆ مەلە تێداکردنی ئەو ئەستێرانەی کە وەك باڵەخانەی ڕازاوە و کۆشك و تەلاری گەردنکەش وان لەچاو ئەو زەوی‌یەی کە وەك ماڵێکی تاریکی بچووك وایە؟

کەواتە ئاسمانەکان چەندین رەگەزی جۆراوجۆری لەژمارەبەدەریان لە خاوەن هەست و خاوەن ژیانەکان تێدایە، کە مەلائیکەت و رۆحانی‌یانن.

جا لەبەر ئەوەی لە تەفسیرەکەماندا کە ناوی: "إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز"ە، لە دەمی تەفسیرکردنی ئایەتی: ﴿ثُمّ اسْتَوى إلى السَّماء فَسَوّاهُنَّ سَبْعَ سَموات﴾دا (البقرة:٢٩) بە چەشنێکی بێ گومان "بوون" و "فرەیی"ی ئاسمانەکانمان چەسپاندووە و، لە وتەی بیست و نۆهەمیشدا بە جۆرێك کە گومان توخنی نەکەوێت بوونی مەلائیکەتمان چەسپاند، ئەوا لێرەدا بە کورتی لەم باسە دواین و درێژە پێدانیان بەو دوو پەیامە دەسپێرین.

بە کورتی:

"بوون"ی ئاسمانەکان کە لە "أثـير" دروست کراون و رێچکە و مەساری: کارەبا و، رووناکی و، گەرمی و، جازیبیەت و، شەلە ناسك و نیانە بە خورەمەکانی تری هاوچەشنیانن و، لەبار و شیاون بۆ جموجوولی ئەستێرەکان و هەسارە گەڕۆکەکان، وەك فەرموودەی پیرۆز بە: "السماءُ موجٌ مكفوفٌ"[1] ئاماژەی بۆ کردووە.. ئەم ئاسمانانە هەر لە رێی کاکێشانەوە (کە بە گەلەستێرەی ئاسمان ناو دەبرێت) تا دەگاتە نزیکترین هەسارە لێمانەوە، چەند بارودۆخێکی جیاجیا و چەند شکڵ و شێوەیەکی جۆراوجۆریان لە حەوت چین(طبقة)دا لەخۆ گرتووە کە هەر یەکەیان لە حوکمی بنمیچێکدایە بۆ جیهانێکی تر، هەر لە جیهانی زەوی‌یەوە تا جیهانی بەرزەخ و جیهانی میسال و تا جیهانی دوارۆژ.. حیکمەت و مەنتیقی ژیری داخوازی ئەمەن.

❑ هەروەها دێت بە خەیاڵدا کە تۆی موەحید دەڵێیت:

ئێمە گەلێ بە سەختی دەتوانین بە فڕۆکە بۆ بەرزایی‌یەکان سەربکەوین و زۆر بە گرانی دەگەینە ماوەی چەند کیلۆمەترێك، ئایا چۆن دەگونجێ مرۆڤێك هەر بە جەستەی خۆی لە چەند خولەکێکدا ماوەی هەزاران ساڵ ببڕێت و پاشان بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی؟!

ئێمەش دەڵێین:

تەنێکی قورسی وەك گۆی زەوی، بەپێی ئەو زانیاری‌یانەی بە دەستتان هێناوە، لە بزووتنە ساڵانەکەی‌دا و لە ماوەی یەك خولەکدا قۆناغێك دەبڕێت کە نزیکەی سەد و هەشتا و هەشت سەعات رێیە، واتە زەوی لە یەك ساڵدا ماوەی بیست و پێنج هەزار ساڵ دەبڕێت..

---

(١) جزء من حديث أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢/٣٧٠) والترمذي برقم (٣٢٩٨) وفي تحفة الأحوذي برقم (٣٣٥٢) وقال: هذا حديث غريب من هذا الوجه. وعزاه صاحب التحفة لأحمد وابن أبي حاتم والبزار وفي مجمع الزوائد (١٣٢/٨) جزء من حديث رواه الطبراني في الأوسط، وفيه أبو جعفر الرازي وثقه حاتم وغيره وضعفه النسائي وغيره، وبقية رجاله ثقات. وانظر فيه كذلك (١٢١/٧) وتفسير ابن كثير – سورة الحديد. (وەرگێڕ – لە چاپە عەرەبی‌یەکەوە)

جا ئەو خاوەن توانا شکۆمەندەی کە بەم جموجووڵ و بزووتنە ڕێکوپێك و وردانە ئەم زەوی‌یە زەبەلاحە بەڕێ دەخات و دەیجووڵێنێت.. ئایا ناتوانێت مرۆڤێك بۆ عەرش بیات؟.. ئایا ئەو دانستەی کە بە یاسایەکی پەروەردگاری - کە ناوی جازیبیەتی خۆری لێ نراوە - بە وێنەی موریدی تەریقەتی مەولەوی ئەم زەوی‌یە قورسە دەخاتە گەڕ، ئایا ناتوانێت بە جازیبەی سۆز و میهری خواوەندی میهرەبان و کێش‌بوونی خۆشەویستیی نووری ئاسمانەکان و زەوی، بە وێنەی هەورە بروسکە، جەستەی مرۆڤێك بیات بۆ عەرشی خواوەندی میهرەبان؟

❑ هەروەها دێت بە خەیاڵدا کە تۆ دەڵێیت:

وا دابنێ دەتوانێت سەربکەوێت و بۆ ئاسمان بەرز ببێتەوە.. بەڵام ئایا بۆچی بەرز دەکرێتەوە و چ پێویستی‌یەك بەم بەرزبوونەوەیە هەیە؟ ئایا هێندەی سەروزیاد نەبوو کە وەك ئەولیا پیاوچاکەکان تەنها بە "دڵ" و "گیان" بەرز ببوایەتەوە؟

ئێمەش دەڵێین:

مادەم کردگاری مەزن ویستوویەتی نیشانە مەزنەکانی لەناو مولك و مەلەکووتی خۆی‌دا پێش‌چاوی پێغەمبەر ﷺ بخات و سەرچاوە و کارگەکانی ئەم جیهانە و، ئەنجامە قیامەتی‌یەکانی کردەوەکانی مرۆڤیشی پیشان بدات.. ئەوا بێ هیچ گومانێك لەگەڵ زاتی ئەو پێغەمبەرەدا ﷺ هەستی بینینەکەشی دەبات کە لە حوکمتی کلیلی جیهانی بینراواندایە و، هەستی بیستنیشی دەکات بە هاودەم تاکو بە هۆیەوە ئاگاداری نیشانەکانی خواوەند ببێت لە جیهانی بیسراواندا، هەروەك ژیری و حیکمەت داخوازی ئەوەن کە جەستەی موبارەکیشی لەگەڵدا بیات بۆ عەرش، ئەو جەستەیەی کە لە حوکمی مەکینەی چەندین ئامێر و دەزگای ئەوتۆدایە کە کار و ئەرکە لەسنووربەدەرەکانی "گیان"ی ئەویان لەسەر بەندە. چونکە هەروەك دانستی خوای گەورە لە بەهەشتدا لەش دەکات بە هاوڕێی گیان، لەبەر ئەو ئەرکە زۆرانەی بەندایەتی کە لە ئەستۆی لەش دەنرێن و ئەو لەزەت و ئازارانەش دێنە ڕێی، ئەوا دەبێ "جەستە"ی موبارەکی ئەویش لەو گەشتەدا هاوڕێی "گیان"ی بێت. جا هەروەك لەش لەگەڵ گیاندا دەچێتە بەهەشت، ئەوا کارێکی سەرتاپا حیکمەتە جەستە پیرۆزەکەشی هاودەمی ئەو زاتی محەممەدی‌یە بێت ﷺ کە بۆ ئەو "سدرة المنتهى"یە بەرز کراوەتەوە کە جەستەی "جنة المأوى"یە.

❑ هەروەها دێت بە خەیاڵدا کە تۆ دەڵێیت:

"ژیری" بڕینی ماوەیەکی هەزار ساڵیی لە چەند خولەکێکدا بەلاوە مەحاڵە.

ئێمەش دەڵێین:

جموجووڵی ئەو شتانەی کە کردگاری مەزن بەدیی هێناون تابلێی لە یەکتری جیاوازە. بۆ نموونە مەودای جیاوازیی خێرایی: دەنگ و، ڕووناکی و، کارەبا و، گیان و، ئەندێشە، ئاشکرایە لامان. ئنجا وەك زانست بۆی چەسپاندووین خێرایی هەسارەکانیش هێندە جیاجیایە کە ژێری تووشی سەرسامی دەکات. کەواتە چۆن جموجووڵی لەشی ناسك و نیانی پێغەمبەر ﷺ کە بەم میعراجە خێرایی بەدەست هێناوە و شوێن گیانە بەرزەکەی کەوتووە و بە ئەندازەی خێرایی گیان خێرا بووە، بە پێچەوانەی ژێری دادەنرێت؟

خۆ ئەگەر تۆ "دە" خولەك بخەویت ئەوا تووشی هێندە حاڵەت و بارودۆخی وا دەبیت کە لە ماوەی ساڵێکی حاڵی بێداریدا تووشیان نابیت، تەنانەت ئەو شتانەی کە مرۆڤ بۆ ماوەی یەك خولەك لە خەوندا دەیانبینێت و ئەو گوفتارانەش دەیانبیستێت و دەیانڵێت گەر لە جیهانی بێداریدا کۆ بکرێنەوە پێویستیان بە ماوەی ڕۆژێك یان زیاتر دەبێت.

کەواتە دەگونجێ تەنها یەك "زەمان" سەبارەت بە دوو کەسەوە بۆ یەکێکیان لە حوکمی یەك ڕۆژدا و بۆ ئەوی تریشیان لە حوکمی ساڵێکی ڕەبەقدا بێت.

بە چاویلکەی ئەو نموونەیەی خوارەوە بۆ ئەم واتایە بڕوانە:

وا دابنێ "کاتژمێر"ێك هەبێت بۆ پێوانەی خێرایی جووڵەی: مرۆڤ و، گوللە و، دەنگ و، ڕووناکی و، کارەبا و، گیان و، ئەندێشە. ئەم کاتژمێرەش چەند میلێکی بۆ کرابێت: میلێکیان سەعات بژمێرێت و، یەکێکی تریان لە بازنەیەکی شەست ئەوەندەی بازنەی میلی یەکەمدا خولەکەکان بژمێرێت و، میلێکی تر لە بازنەیەکی شەست هێندە لەمە فراوانتر "ثانية"کان بژمێرێت و، یەکێکی تر لە بازنەیەکی شەست ئەوەندەی ئەمە فراوانتردا "ثالثة"کان بژمێرێت.. بەم چەشنە میلەکانی ژماردنی: "رابعة" و "خامسة" و هەروەها تا دەگاتە: "عاشرة". واتە ئەو سەعاتە چەند میلێکی سەرسووڕهێنەری ببێت کە هەریەکەیان لە بازنەیەکی شەست ئەوەندە فراوانتری میلەکەی پێش خۆیدا بخولێتەوە.

جا ئەگەر بازنەی ئەو میلەی کە سەعات دەژمێرێت بە ئەندازەی کاتژمێرە دەستییە بچووکەکانمان بێت، دەبێ بازنەی میلی "عاشرة"ژمێر بە ئەندازەی سووڕگەی ساڵانەی زەوی یان لەوە گەورەتر بێت!

ئنجا با ئێستا وا دابنێین کە دوو کەس هەن:

یەکێکیان: سواری میلی سەعات ژمێر بووە و سەیری دەوروبەری خۆی دەکات.

ئەویتریان: سواری میلی "عاشرة" ژمێر بووە و بۆ دەوروبەری خۆی دەڕوانێت.

جیاوازیی نێوان ئەو شتانەی کە ئەم دوو کەسە لە یەك "زەمان"دا دەیانبینن بە ڕێژەی جیاوازیی کاتژمێرە دەستییەکانمان و سووڕگەی ساڵانەی زەوییە! واتە جیاوازییان یەکجار زۆر دەبێت.

جا ئه‌و حوكمه‌ی بۆ جووله‌ هه‌یه‌ بۆ زه‌مانیش هه‌یه‌. چونكه‌ له‌ كاتێكدا كه‌ ئێمه‌ له‌ ماوه‌ی یه‌ك كاتژمێردا به‌ ئه‌ندازه‌ی ئه‌و شتانه‌ ده‌بینین كه‌ سواربووه‌ خاوه‌ن هه‌سته‌كه‌ی میلی سه‌عاتژمێره‌كه‌ بینیوونی و حه‌قیقه‌تی ته‌مه‌نیشی هه‌ر به‌ هه‌مان ئه‌ندازه‌یه‌، پێغه‌مبه‌ری مه‌زنیش ﷺ به‌ وێنه‌ی سواربووی میلی "عاشیره‌" ژمێره‌كه‌ له‌ هه‌مان كاتی سه‌عاته‌ دیاری كراوه‌كه‌دا سواری بوراقی ته‌وفیقی خوایی ده‌بێت و، وه‌ك به‌رق(بروسكه‌) هه‌موو بازنه‌كانی "مومكینات"(به‌دیهاتووان) ده‌برێت و، نیشانه‌كانی مولك و مه‌له‌كووت ده‌بینێت و، بۆ خاڵی بازنه‌ی "وجووب" به‌رز ده‌بێته‌وه‌ و، به‌ دیدار و گوفتار و بینینی جوانیی خواوه‌ند شه‌ره‌فمه‌ند و به‌هره‌وه‌ر ده‌بێت و، په‌یمان و فه‌رمانی خوای گه‌وره‌ بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌ركێك وه‌رده‌گرێت و، پاشان ده‌گه‌ڕێته‌وه‌.. هه‌روه‌ك گه‌ڕایه‌وه‌ و له‌ ڕاستی و واقیعیشدا هه‌روا بووه‌ و ڕووی داوه‌.

❐ هه‌روه‌ها دێت به‌ خه‌یاڵدا كه‌ ئێوه‌ ده‌ڵێن:

به‌ڵێ دروسته‌ و له‌وانه‌یه‌ ڕوو بدات، به‌ڵام هه‌ر شتێك بگونجێ ڕوو بدات مه‌رج نی‌یه‌ له‌ ڕاستی و واقیعدا ڕوو بدات و بێته‌ دی! كه‌واته‌ چۆن ده‌كرێت بڕیار له‌سه‌ر شتێك ده‌ربكرێت كه‌ وێنه‌ی نه‌بێت، ته‌نها به‌ گریمانی ئه‌وه‌ی كه‌ ده‌گونجێ ڕوو بدات؟

ئێمه‌ش ده‌ڵێین:

هاووێنه‌ی میعراج ئه‌وه‌نده‌ زۆره‌ له‌ ژماره‌ نایه‌ت، ئه‌وه‌تا بۆ نموونه‌ هه‌موو كه‌سێك – كه‌ توانای ڕوانینی هه‌بێت – له‌ ماوه‌ی یه‌ك چركه‌دا ڕوانینی خۆی له‌ زه‌وی‌یه‌وه‌ بۆ هه‌ساره‌ی "نیبتۆن" به‌رز ده‌كاته‌وه‌ و..

هه‌موو زانایه‌كیش به‌ ژیری‌یه‌كه‌ی سواری یاساكانی گه‌ردوونناسی ده‌بێت و له‌ ماوه‌ی یه‌ك خوله‌كدا ده‌گاته‌ ئه‌ولای هه‌ساره‌ و ئه‌ستێره‌كانه‌وه‌ و..

هه‌موو ئیمانداری‌ێكیش بیری خۆی سواری هه‌ڵسوكه‌وت و ڕوكنه‌كانی نوێژ ده‌كات و، بوونه‌وه‌ران له‌ پشتی خۆیه‌وه‌ به‌جێ ده‌هێڵێت و، به‌ شێوه‌ میعراجێك ده‌ڕواته‌ حوزووری خوای گه‌وره‌..

هه‌موو خاوه‌ن دڵ و وه‌لی‌یه‌كی كاملیش ده‌توانێت له‌ ماوه‌ی چل ڕۆژدا، به‌ سه‌یر و سلووك، به‌ عه‌رش و ناو بازنه‌ی سیفه‌ت و ناوه‌كاندا بڕوات و تێپه‌ڕ ببێت. ته‌نانه‌ت شێخی گه‌یلانی و ئیمامی ڕه‌ببانی و گه‌وره‌ ئه‌ولیاكانی هاوچه‌شنیان – خوایان لێ ڕازی بێت – له‌ ماوه‌ی یه‌ك خوله‌كدا به‌رزبوونه‌وه‌ی ڕۆحی‌یان به‌ره‌و عه‌رش به‌ده‌ست هێناوه‌، هه‌روه‌ك به‌ چه‌ندین ریوایه‌تی ڕاست ئه‌م هه‌واڵه‌ ڕاده‌گه‌یه‌نن..

هه‌روه‌ها مه‌لائیكه‌تانیش، كه‌ چه‌ند له‌شێكی نوورانین، له‌ كاتێكی یه‌كجار كه‌مدا له‌ عه‌رشه‌وه‌ بۆ فه‌رش و له‌ فه‌رشه‌وه‌ بۆ عه‌رش دێن و ده‌ڕۆن و..

ئەهلی بەهەشتیش، لە ماوەیەکی گەلێ کورتدا، لە مەیدانی مەحشەرەوە بۆ باخچەکانی بەهەشت، سەردەکەون.

ئەم ئەندازەیە لەم نموونە زۆرانە، بە چەشنێکی بێ گومان، دەری دەخەن کە: پادشای گشت ئەولیا و پێغەمبەران، علیهم السلام و، پێشەوای هەموو ئیمانداران و، سەرداری سەرجەمی ئەهلی بەهەشت و، وەرگیراوی سەرانسەری مەلائیکەتان، کە ئەو پێغەمبەرە خۆشەویست و بەرێزەیە ﷺ، بێ هیچ گومانێك بەو میعراجەدا سەردەکەوێت کە خولگەی سەیر و سلووکی ئەوە بۆ لای خوای گەورە، بە چەشنێك کە شایانی پلەی بەرزی ئەو بێت.

حیکمەت هەر ئەمەیە و، بەلای ژیریەوە تابلێی رەوایە و، بێ هیچ گومانێکیش لە راستی و واقیعدا رووی داوە.

بناغەی سێهەم

حیکمەتی میعراج چییە؟

وەلام:

حیکمەتی میعراج هێندە بەرزە کە "بیر"ی مرۆڤ لە پەی پێبردنیدا دەستەوسانە و.. ئەوەندەش قووڵە کە پێی ناگات و.. هێندەش ورد و نیانە کە "ژیری" بە تەنها خۆی ناتوانێت بیبینێت..

بەڵام هەرچەند هەستکردن و پەی بردنی تەواوەتی بە راستییەکانی ئەم حیکمەتە لە تواناد نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەگونجێ لە رێی چەند ئاماژەیەکەوە بوونی ئەو دانستە بزانرێت، ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە:

بەدیهێنەری بوونەوەران و پەروەردگاری سەرجەمی جیهانەکان بۆ ئەوەی نووری "تاکی" و درەوشانەوەی "تەنیایی"ی خۆی لەناو چینەکانی بوونەوەراندا دەربخات، یەك کەسی خاوەن تایبەتکاری و دیار هەڵدەبژێرێت، لە رێی "میعراج"ێکەوە کە وەك تاڵە دەزوویەکی پەیوەندیدەر وایە لە نێوان ئەوپەڕی چینەکانی "زۆری"ی بوونەوەرانەوە هەتا دەگاتە سەرەتای "تاکی"ی خواوەند. بەم کارەش ئەو تەنیا کەسە هەڵبژاردەیە دەگەیەنێتە ئەو پلەیەی کە وەك نوێنەرێکی سەرجەمی بەدیهاتووان خوای گەورە گوفتاری خۆی ئاراستە بکات و، بە وێنەی نمایندەی گشت خاوەن هەستانیش ئامانجە خواییەکانی فێر بکات و پاشان بیکات بە مامۆستای ئەوان و لە رێی ئەم نوێنەرەوە ئەوانیش فێر بکات، تاکو لە لایەکەوە ئەو بەدیهێنەرە هەر بۆ خۆی جوانیی سەنعەت و کەماڵی پەروەردگارییەکەی لە

ئاوێنەی بەدیهاتووانیدا ببینێت و، لە لایەکی تریشەوە شوێنەوارەکانی ئەو جوانی و کەماڵە پێش چاوی غەیری خۆیشی بخات تا ئەوانیش ببینن.

چونکە مادەم خواوەندی پەروەردگاری هەموو جیهانەکان، بە شایەتیی ئاسەوار و بەدیهاتووەکانی، خاوەنی "جوانی" و "کەماڵ"ی ڕەهایە و، جوانی و کەماڵیش لە خۆیاندا دوو شتی خۆشەویستن، ئەوا - بێ هیچ گومانێك - خاوەنی ئەو جوانی و کەماڵە، لەڕادەبەدەر جوانی و کەماڵی خۆی خۆش دەوێت و، بە چەند شێوە و جۆرێکی زۆر و زەبەندەش ئەو خۆشەویستی‌یەی بۆ جوانی و کەماڵەکەی لەناو بەدیهاتووانیدا دەردەخات و، لەم ڕێیەوە بەدیهاتووانی خۆیشی خۆش دەوێت، چونکە ئاسەواری جوانی و کەماڵی خۆی لەواندا دەبینێت..

پاشان لەبەر ئەوەی: لە نێوان بەدیهاتووانیدا زیندەوەرانی لە هەموان خۆشتر دەوێت و پلەی بەرزتری پێداون و.. لە نێوان زیندەوەرانیشدا خاوەن هەستانی پتر خۆش دەوێت و پلەی بەرزتری پێ ڕەوا بینیون و.. لە ڕووی جەمبوونی گشت توانا و لێهاتنەکانەوە خۆشەویسترینی خاوەن هەستانیش لە نێوان گرۆی مرۆڤدایە.. ئەوا خۆشەویسترین مرۆڤ بەلایەوە: ئەو کەسەیە کە سەرجەمی توانا و لێهاتنەکانی بە تەواوی بەرجەستە بوون و، نموونەکانی ئەو کەمالاتانەی خواوەندیشی بە تەواوەتی دەرخستووە کە بەسەر بەدیهاتووانیەوە دەدرەوشێنەوە.

جا بۆ ئەوەی بەدیهێنەری بوونەوەران گشت جۆرەکانی درەوشانەوەی ئەو خۆشەویستی‌یەی بۆ جوانی و کەماڵی خۆی کە لە هەموو بوونەوەراندا دەردەکەون، لە هەموو ئاوێنە و خاڵێکدا ببینێت و.. هەروەها بۆ ئەوەش کە بەهۆی نهێنیی "ئەحەدییەت"ەوە هەموو جۆرەکانی جوانیی خۆی دەربخات، ئەوا بۆ ئەم مەبەستە، کەسێکی ئەوتۆی هەڵبژاردووە کە بەروبوومی ڕووناکی درەختی بەدیهاتووانە و "دڵ"یشی لە حوکمی ناوکێکی وەهادایە کە دەتوانێت پەی بە سەرانسەری ڕاستی‌یەکانی ئەو درەختە سەرەکی‌یە ببات و بیانقۆزێتەوە.. بەڵێ، ئەو کەسەی لە ڕێی میعراجێکەوە هەڵبژاردووە کە بە وێنەی تاڵە دەزوویەکی پەیوەندیدەری نوورانی وایە لە نێوان ناوك و درەختەکەدا، واتە لە سەرەتاوە تا کۆتایی. بەم کارەش "خۆشویستراوی"ی ئەو تاکە کەسە هەڵکەوتووەی لە بەردەم بوونەوەراندا ئاشکرا کردووە و، بەم میعراجە بۆ مەقامی حوزووری خۆی سەری خستووە و، بە بینینی جوانیی خۆی شەرەفمەندی کردووە و، بە فەرمان پێدانی خۆیشی ڕێزی لێ ناوە و، ئەرکێکی ئەوتۆی پێ سپاردووە کە ئەو دانستە خاوێن و بەرزەی لای ئەو دایناوە بە کەسانی تری غەیری ئەویشی بگەیەنێت.

وا لە ناوەندی دوو نموونەدا سەیری ئەم دانستە خواییە دەکەین:

□ **نموونەی یەکەم:** ئەوەیە کە بە درێژی لە وتەی یازدەهەمدا ڕوونمان کردووەتەوە، کە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

ئەگەر پادشایەکی مەزن گەلێ گەنجینەی زۆری هەبێت کە پڕ بن لە چەندین جۆری لەژمارەبەدەری گەوهەری بەنرخ و ئەلماسی بێ وێنە، ئنجا خۆیشی کارامەیی‌یەکی لەرادەبەدەری لە سنعەتە ناوازەکاندا بێت و شارەزایی‌یەکی گشتگیر و فراوانیشی لە چەندەها هونەری سەرسووڕهێنی لەژمارەبەدەردا هەبێت و خاوەنی ئاگاداری‌یەکی هەمەلایەنەی بێ سنوور و زانینێکی تەواوی چەندین زانستی ناوازە بێت.. ئەوا بێ گومان ئەو پادشا خاوەن هونەر و داهێنانە ناوازانە (وەك هەموو خاوەن جوانی و کەماڵێك کە حەز دەکات جوانی و کەماڵەکەی خۆی ببینێت و پیشانی غەیری خۆیشی بدات) دەیەوێت پیشانگایەکی گشتی بکاتەوە کە شتە بەنرخەکانی ناو گەنجینەکانی خۆی تێدا پێش‌چاو بخات، تاکو سەرنجی خەڵکی بۆ بینینی مەزنیی دەسەڵاتداری‌یەکەی ڕابکێشێت و، مەودای سەروەت و سامان و.. دەراسایی سنعەت و.. لایەنە سەرسووڕهێنەکانی شارەزایی‌یە کارامەکەی خۆی‌یان پیشان بدات، بۆ ئەوەی لە دوو ڕووەوە جوانی و کەماڵە مەعنەوی‌یەکانی خۆی ببینێت:

ڕووی یەکەم: بە ڕوانینی وردبین و تیژی خۆی.

دووهەم: بە چاوی غەیری خۆیشی.

جا لەسەر بناغەی ئەم دانستە، ئەم پادشا مەزنە، بێ هیچ گومانێك، کۆشکێکی گەورەی فراوان و بەسام و شکۆ بنیات دەنێت و، لێهاتووانە بە چەند فەرمانگە و نهۆم و مەنزڵێکی گەورە گەورە دابەشی دەکات و، هەریەك لەو بەشانەش بە گەوهەر و مرواریی ناو گەنجینە جۆراوجۆرەکانی ئارایشت دەدات و، بە جوانترین و نیانترینی ئەو بەدیهاتووە ناوازانەی کە بە دەستی سنعەتی خۆی دایهێناون دەیانڕازێنێتەوە و، بە وردترینی وردەکاری‌یەکانی دانایی و هونەرەکانی خۆیشی ڕێکیان دەخات. ئنجا چەندین سفرە و خوانی پڕ و فراوان ڕادەخات و بۆ هەر دەستە و تاقمێك ئەو خواردەمەنی‌یە دادەنێت کە شیاوی بێت و لەگەڵیدا بگونجێت. بەمەش میوانداری‌یەکی گشتی و سەخاوەتمەندانەی ئەوتۆ ئامادە دەکات کە پڕ بێت لە هەموو جۆرێکی نیعمەتەکانی و گشت خواردەمەنی‌یە بەتام و لەزەتە هەمە چەشنەکان.

پاشان بانگهێشتی هەموو ڕەعیەت و دانیشتووانی وڵاتەکەی دەکات بۆ ئامادەبوونی ئەم میوانداری‌یە سەخاوەتمەندانەیە و بینینی کەماڵاتە ناوازەکانی، ئنجا یەکێکیان بە نێرراوی

نێوان خۆی و ئەوان هەڵدەبژێرێت و بۆ لای خۆی بانگی دەکات و، بە ناو هەموو چینەکاندا - هەر لە نزمترینەوە تا بەرزترینیان - دەیبات و، فەرمانگە لە دوای فەرمانگە و چین لەسەر چین دەیگێڕێت و، یەك‌بەیەکی کارگەکانی ئ ەو سنعەتە ناوازانە و گەنجینەکانی ئەو داهاتانەشی پیشان دەدات کە لە چینەکانی خوارەوە دێن، هەتا دەیگەیەنێتە فەرمانگە تایبەتی‌یەکەی خۆی و، لەوێ بە وەرگرتنی لە حوزووری خۆی‌دا شەرەفمەندی دەکات و، زاتی پیرۆزی خۆیشی - کە ئەسڵ و بناغەی هەموو کەمالاتێکە - پیشان دەدات. ئیتر لەوێ کەمالاتە زاتی‌یەکانی خۆی تێ‌دەگەیەنێت و بۆ ڕاستی‌یەکانی ئەو کۆشکەش ڕێنمایی دەکات و، ئەرکی ڕابەرایەتی و ڕێ پیشاندەریی دەخاتە ئەستۆ بۆ سەیرکەرانی پیشانگاکەی و، دەینێرێت بۆ لایان تاکو لە ڕێی نەخش و نیگار و لایەنە سەرسووڕهێنەکانی سنعەتی ئەو کۆشکەوە سنعەتکار و بنیاتنەری کۆشکەکە بەو خەڵکە بناسێنێت و، هێماکانی ناو نەخش و نیگارەکان و ئاماژەکانی ناو ئەو سنعەتانەیان تێ‌بگەیەنێت و، ئامادەبووانی ناو کۆشك شارەزا بکات لەوەی کە ئایا ئەم ئارایشتە ڕێك و نەخشونیگارە هاوسەنگانە چین و چۆن دەبن بە بەڵگەی کەمالات و داهێنانە ناوازەکانی خاوەنی کۆشك؟ هەروەها بۆ ئەوەی شارەزای داب و ڕەویەی هاتوچۆ و سەیرکردنی ناو کۆشکیان بکات و ئادابی ئامادەبوونیشیان لە بەردەم پادشای مەزندا تێ‌بگەیەنێت کە بە چاو نابینرێت.. هەموو ئەم کارانە بەپێی داخوازی و ڕەزامەندیی پادشا ئەنجام بدات.

بە وێنەی ئەم نموونەیە: کردگاری مەزنیش، کە پادشای ئەزەل و ئەبەدە - ولله المثل الأعلی - ویستوویەتی: "جوانی" و "کەماڵ"ی ڕەهای خۆی ببینێت و پیشانی غەیری خۆیشی بدات. بۆ ئەم مەبەستەش، کۆشکی جیهانی بە ناوازەترین شێوەی ئەوتۆ بنیات ناوە، کە هەموو بوونەوەرێکی ناو کۆشك بە چەندین زمانی زۆر باسی کەمالاتی ئەو دەکەن و بە چەندەها ئاماژەی جۆراوجۆریش دەبن بە ڕێنما و بەڵگە لەسەر جوانی‌یەکانی، بە ڕادەیەك کە بوونەوەران - بە هەموو یەکێکیان - دەری دەخەن: چەندین گەنجینەی مەعنەوی لە ناوەندی هەموو یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورەدا حەشار دراون و، لە نێوان هەموو ناونیشانێکی خاوێنی ئەویشدا چەندین لایەنی نەرمونیان داپۆشراون. تەنانەت ئەم بەڵگە و ڕێنمایی‌یەی بوونەوەران لەسەر ئەم ڕاستی‌یە هێندە ڕوون و ئاشکرایە کە هێشتا سەرجەمی هونەر و زانستەکانی مرۆڤ، بە هەموو یاسا و دەستوورەکانیانەوە، هەر لە سەردەمی حەزرەتی ئادەمەوە - دروودی لەسەر بێت - تا ئێستا، نەیانتوانیوە بگەنە سەرجەمی ئەو بەڵگە ناوازانەی کە لە کتێبی گەردووندان، لە کاتێکدا کە ئەو کتێبە هێشتا یەك لەسەر دەی واتاکانی ناوە جوانەکان و کەمالاتە خوایی‌یەکانی دەرنەبڕیوە!

جا "حیکمەت"ی ئەو کردگارە شکۆمەندە خاوەن جوانی و کەماڵەی کە ئەم کۆشکە ناوازەیەی بە وێنەی پیشانگایەك بنیات ناوە بۆ بینین و پیشاندانی جوانی و کەماڵی مەعنەویی خۆی، داخوازی ئەوەیە کە: یەکێك لە خاوەن هەستانی زەوی لە واتای نیشانەکانی ئەو کۆشکە تێبگەیەنێت تاکو واتاکانی بێهوودە و بێسوود دەرنەچن و، بۆ جیهانە بەرزەکان سەری بخات کە سەرچاوەی لایەنە سەرسووڕهێنەرەکان و گەنجینەی داهاتەکانی ئەو کۆشکەن، ئنجا بۆ پلەیەکی هێندە بڵند بەرزی بکاتەوە کە لە سەرووی هەموو بوونەوەرانیەوە بێت و، بە نزیك خستنەوەشی لە حوزووری خۆی شەرەفمەندی بکات و، بە جیهانەکانی دواڕۆژدا بیگێڕێت و، چەند کارمەندی و ئەرکێکی گرنگی پێ بسپێرێت تاکو ببێت بە: مامۆستای سەرتاسەری بەندەکانی و.. بۆ لای پادشایەتیی پەروەردگاریتی‌یەکەی خۆی بانگیان بکات و.. ئەو کارمەندی و ئەرکانەی پێ ڕابگەیەنێت کە مایەی ڕەزامەندیی خوایەتیی ئەون و.. ئایەتە تەکوینی‌یەکانی ئەم کۆشکەیان بۆ تەفسیر بکات..

بەڵێ، ئەمانە و کارمەندی‌یەکانی تری هاوچەشنی ئەمانەی پێ بسپێرێت، تاکو خوای گەورە لە ڕێیانەوە فەزڵ و پایەبەرزیی ئەم هەڵبژاردەیە بۆ هەموو جیهانەکانی دەربخات و، بە مەدالیای ئەو موعجیزاتانەش کە بە بەرۆکی‌دا هەڵی واسیون پلەی مەزنی ئەویان بۆ ئاشکرا بکات و، بە قورئانی پیرۆزیش تێیان بگەیەنێت کە ئەم هەڵبژاردەیە چەندە ڕاگەیەنەرێکی ڕاستگۆ و تەرجومانێکی ئەمینی دەست پاکە.

بەم چەشنە، لەبەر تیشکی ڕووناکیی ئەم نموونەیەدا چەند حیکمەتێکمان لە نێوان حیکمەتە زۆرەکانی میعراجدا ڕوون کردەوە. دەبێ تۆش پاشماوەی حیکمەتەکانی تر بەم پێیە قیاس بکەیت.

❑ **نموونەی دووەم:**

ئەگەر کەسێکی "زانا" کتێبێکی خاوەن ئیعجازی ئەوتۆ دابنێت کە: هەموو لاپەڕەیەکی: ڕاستی‌یەکانی سەد کتێبی تری تێدا کۆکرابێتەوە و، هەر دێڕێکیش: واتا ناسکەکانی سەد لاپەڕەی کتێبێکی تری لەخۆ گرتبێت و، هەموو وشەیەکیشی: ڕاستی‌یەکانی سەد دێڕی تێدا بێت و، هەر پیتێکیشی: واتاکانی سەد وشە دەربڕێت.. ئنجا سەرجەم واتا و ڕاستی‌یەکانی ئەو کتێبەش ئاماژە بۆ کەمالاتی مەعنەویی دانەرە ناوازە و خاوەن ئیعجازەکەیان بکەن و ڕوویان لەو بێت..

بێ گومان دانەری کتێبی ئاوا پڕ لە ئیعجاز، کتێبە ئیعجاز بەخشەکەی خۆی، بێ سوود لێ وەر گرتن، پشت گوێ ناخات و دەرگای ئەم گەنجینە نەبڕاوەیەش داناخات، تەنانەت هەر

مەحاڵە بێهوودە لە کاری بخات. لەبەر ئەوە، چەند کەسێکی دیاری کراو لە واتاکانی کتێبەکەی تێدەگەیەنێت تاکو ئەو کتێبە بەنرخە بە بێ سوود نەمێنێتەوە و پشت گوێ نەخرێت و کەمالاتە پەنهانەکانی دەربکەون و جوانی‌یە مەعنەوی‌یەکەشی ببینرێت، بۆ ئەوەی خەڵکی خاوەنەکەی ئەو کتێبەیان خۆش بوێت و ئەو کتێبەش خاوەنەکەی لای خەڵکی خۆشەویست بکات. واتە یەك‌بەیەکی واتا و ڕاستی‌یەکانی فێری کەسێك دەکات و، وانە بە وانە و هەر لە یەکەم لاپەڕەوە تا کۆتایی کتێبەکەی بە دەرس پێ دەڵێتەوە و تێی‌دەگەیەنێت، تا لە ئەنجامدا بڕوانامەی پێ دەبەخشێت.

خواوەندی وێنەکێشی جوان و مەزنیش، بۆ ئەوەی: کەمالات و، جوانی و، ڕاستی‌یەکانی ناوە جوان و خاوێنەکانی خۆی بە چەشنێکی ناوازەی بێ‌وێنە دەربخات، ئەم کتێبی بوونەوەرانەی نووسیوە! ئەوەتا هەموو یەکێك لە بوونەوەران، بە چەندەها ڕووی بێ‌سنوور و لەژمارەبەدەر، دەبن بە ڕێنما و بەڵگە لەسەر: ناوە جوانەکان و، سیفەتە مەزنەکان و، کەمالاتە ڕەهاکانی خوای گەورە و، ئەو واتایانە دەردەبڕن!

شتێکی ئاشکرایە کە: هەر کتێبێکی ئاسایی گەر واتاکەی نەزانرێت، بێهوودە دەردەچێت و، نرخیشی بەرەو عەدەم دەکەوێتە خوار.. ئایا دەبێ کتێبێکی وەك ئەمە چۆن بێت کە هەموو پیتێکی هەزاران واتایان لەخۆ گرتووە؟ دیارە نرخ و بەهای ئەم چەشنە کتێبە هەرگیز ناگونجێت دابەزێتە خوار و بێهوودە و بێ‌سوود لە دەست دەربچێت!

کەواتە نووسەری ئەم کتێبە خاوەن ئیعجازە، بە حەتمی کەسێك هەڵدەبژێرێت کە خاوەنی گشتی‌ترین ڕوانین و هەست و شعوور و، کامڵترین توانا و لێهاتن بێت، تاکو ئەو کتێبەی فێر بکات و، بەپێی ئامادەیی و لێهاتنی هەر تاقم و دەستەیەك، بەشێکی واتاکانی لێ تێ‌بگەیەنێت.

جا بۆ مەبەستی وتنەوەی وانەی ئەم چەشنە کتێبە بەو کەسە و، شارەزا کردن و تێگەیاندنی لە سەرجەمی ڕاستی‌یەکانی، بە شێوەیەکی هەمەکی و گشتی، "حیکمەت" داخوازی ئەوەیە کە: گەشت و گەڕانێکی لەوپەڕی بەرزی‌دا پێ بکات. واتە: دەبێ هەر لە دوا چینی بوونەوەرە زۆرەکانەوە - کە یەکەم لاپەڕەکانی ئەم کتێبەن - تا دەگاتە فەرمانگەی ئەحەدییەت - کە دوا لاپەڕەکانیەتی - بگەڕێت و یەك‌بەیەکیان ببینێت.

بەم جۆرە، دەتوانیت بۆ خۆت لە سایەی ئەم نموونەیەدا، شتێك لە حیکمەتە بەرزەکانی میعراج ببینیت.

* * *

ئێستاش ئاوڕ لەو مولحیدە دەدەینەوە کە لە گۆشەی گوێ بیستدا دانیشتووە و، گوێ لە دڵی ڕادەگرین با بزانین چ بارودۆخێکی لەخۆ گرتووە؟

❑ وا بە خەیاڵدا دێت کە دڵی ئەو مرۆڤە مولحیدە بڵێت:

خەریکم چەند هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی ئیمان دەنێم.. بەڵام سێ گرفتم هەن سەریان لێ دەرناکەم و بۆم شی ناکرێنەوە..

یەکەم: بۆچی تەنها "محەممەد" ﷺ بەم میعراجە مەزنە تایبەتمەند کرا؟

دووهەم: چۆن ئەم پێغەمبەرە مەزنە ﷺ "ناوك"ی ئەم بوونەوەرانەیە؟ ئەوەتا لە لایەکەوە دەڵێن: بوونەوەران لە نووری ئەو بەدی هێنراون و، لە هەمان کاتیشدا دەڵێن: ڕووناکترین و دواهەمین بەروبوومی بوونەوەرانە! ئەم قسەیە چی دەگەیەنێت؟

سێهەم: لە ڕوونکردنەوەکانی پێشووتاندا دەڵێن: بەرزبوونەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆ جیهانە بەرزەکان لەبەر بینینی کارگە سەرەکییەکانی ئاسەوارەکانی ناو ئەم جیهانە و گەنجینە و عەمباری ئەنجامی ئاسەوارەکان بووە.. واتای ئەم قسەیە چییە؟

■ **گرفتی یەکەم:**

وەڵام:

ئەم گرفت و ئیشکالەی یەکەمتان، بە درێژی لە هەر سی و سێ وتەکەی کتێبی سۆزلەر (وتەکان)دا شی کراوەتەوە. بەڵام لێرەدا و بە پوختە پێرستێك سەبارەت بە کەماڵاتی ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە ﷺ و، بەڵگەکانی پێغەمبەرێتییەکەی و، دەرخستنی ئەوەی کە تەنها ئەم پێغەمبەرە ﷺ شایانی ئەم میعراجە بەرزەیە، ئاماژەیەکی پوخت پێش‌چاو دەخەین.

یەکەم: کتێبە پیرۆزەکانی وەك تەورات و ئینجیل و زەبوور، چەندین ئاماژە و مزگێنییان سەبارەت بە پێغەمبەر ﷺ تێدایە، هەرچەندەش بە درێژایی مێژوو دەستکاری کراون. لەم چەرخەی خۆماندا زانای لێکۆڵەر: "حسین الجسر" سەد و دە مزگێنیی لەو کتێبانە دەرهێناوە و، لە کتێبەکەیدا کە ناوی: "الرسالة الحميدية"یە تۆماری کردوون.

دووهەم: بەپێی هەواڵی "مێژوو" هەروەها بە گەلێ ڕیوایەتی صەحیح، چەندین مزگێنیی زۆری کاهینەکان چەسپاوە. وەك ئەو دوو کاهینە بەناوبانگەی کە ناویان (شیق) و (سەتیح)ە و، پێش ناردنی پێغەمبەر ﷺ مزگێنییان داوە و هەواڵی هاتنی پێغەمبەری ئاخر زەمانیان ڕاگەیاندووە.

سێهەم: ئەو ڕووداوانەی لە شەوی لەدایکبوونیدا ڕوویان داوە، وەك: ڕووخانی بتەکانی ناو کەعبە و، ڕووخانی هەیوانی کیسرا و، سەدان ئیرهاص و ڕووداوی لە عادەت بەدەری تری وەك ئەمانە، کە تەواو بەناوبانگن و "کتێبەکانی مێژوو" باسیان کردوون.

چـوارەم: هـەڵقـوڵانی ئـاو لە نێوان پەنجـە پیرۆزەکانی و تێراوکـردنی سوپا لەو ئـاوە و، تاسـە و گریان وناڵەی بنەدارەکەی ناو مزگەوت و، لەت بوونی مـانگ، وەك دەقـی ئایـەتی: ﴿وانْشَـقَّ الْقَمَـر﴾ دەری بڕیـوە و، چەندین موعجیزەی تـری وەك ئەمانە کـە لـە لای زانـا لێکۆڵـەرەکان چەسپاون و هـەزار موعجیزەی وەهـا دەبـن و، کتێبـەکانی بەسـەرهاتی ژیـانی پێغەمبەر ﷺ و مێژوو تۆماریان کردوون.

پێنجەم: هەموو دۆستان و دوژمنان، بە جۆرێکی بێ گومان، لـەوەدا یـەکیان گرتـووە کـە: ئەو ڕەوشتە جوانانەی لە پێغەمبەردان ﷺ لە بەرزترین پلەدان و، ئـەو سیفەتە باشـانەی کـە لـە بانگەوازەکـەی‌دا هـەن لـە ئاستێکی گەلـێ بڵنـددان و، هەڵسوکەوتیشی لەگـەڵ خـەڵکی‌دا باشترین شایەتە لەسەر ئەمە. شـەریعەتە پـاك و بێ گەردەکەشـی کاملـترین ڕەوشـتی بـەرزی لـە خۆدا کۆکردووەتەوە، هەروەك بەرزی و شکۆمەندیی ئایینەکەی شایەتە لەسەری.

شەشەم: لە ئاماژەی دووهـەمی وتەی دەهەمدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە:

زاتی پیرۆزی ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە بوو ﷺ کە بۆ جێ‌بەجێ کردنـی ویسـتی خـوا لـە بـارەی پیشاندانی خوایەتیی خوای گەورە و بەپێی خواستی حیکمـەتی ئـەو خوایـە، بـەو بەندایەتی‌یـە گەورەیەی کە لە ئایینەکەیدایە، بەرزترین پلەکانی "بەندایەتی"ی پیشان دا.

هەروەها وەك شتێکی بەڵگەنەویستە هەر تەنها ئـەو پێغەمبەرەیـە ﷺ کـە بـەڕێزترین ڕابـەر و ڕێ پیشاندەرە بۆ جوانیی کەماڵی ڕەهای بەدیهێنەری جیهان و، باشترین و بەرزترین پێناسەرە کـە بـەدەم بـانگی ئـەو ویستەی خـواوە ڕۆشتووە سـەبارەت بـە دەرخسـتن و پیشـاندانی ئـەو جوانی‌یە لە ڕێی نێرراوێکەوە، وەك "ڕاستی" و "دانایی" داخوازی ئەمەن.

هەروەها، وەك شتێکی لەبەرچاو و بینراوە، هـەر ئـەو پێغەمبەرەیـە ﷺ کـە گـەورەترین ڕێ پیشـاندەرە و شـارەزای کـەماڵی سنعەتی بەدیهێنـەری جیهانـە، ئەو کەماڵـەی کـە لەوپـەڕی جوانیی ڕەهادایە، ئەم ڕێنمایی‌یەشـی بەوپـەڕی گـەورەیی دەرخسـتووە و بـە زوڵاڵـترین دەنـگ ڕایگەیاندووە. بەم کارەشـی بـە دەم ویسـتی خـوای گـەورەوە ڕۆشتووە و سـەرنجی دنیـای بۆ کەماڵی سنعەتی خواوەند ڕاکێشاوە و خەڵکی لـێ ئاگادار کردووەتەوە.

هەروەها، وەك شتێکی پێویستە، هەر تەنها ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ کە کاملترین کەسێك بێـت هەموو پلەکانی "تەوحید"ی بە خەڵك ڕاگەیاندبێت و بەم پێ‌یە، بە دەم ویستی پـەروەردگاری هـەموو جیهانەکانـەوە ڕۆشتبێت و، "یـەکتایی" خواوەنـدی بەسـەر هـەموو چینـە زۆرەکـانی بەدیهێنراواندا ئاشکرا کردبێت.

هـەروەها، وەك شتێکی پێویسـتە، هـەر ئـەو پێغەمبەرەیـە ﷺ کـە سـافترین و ڕووناکـترین ئاوێنەیـە بـۆ پیشـاندان و ڕەنگدانـەوەی جوانکاری‌یـەکانی جوانیـی خـاوەنی جیـهان و

وردەکاری‌یەکانی جوانی‌یە بێ وێنە و بەرزەکەی، وەك ئەو شایەتی‌یەی کە ئاسەوارە بێ وێنەکانی دەستەڵاتی ئەو دەیدەن لەسەری. هەروەها ئەم پێغەمبەرە ﷺ بەرزترین و چاکترین کەسێکە خواوەند خۆشی ویستبێت و لە لای غەیری خۆیشی خۆشەویستی کردبێت. پێغەمبەریش ﷺ بەدەم ویستی خواوەندەوە ڕۆشت لەوەدا کە ئەو جوانی‌یە بەرز و پیرۆزەی خواوەندی دی و، بەپێی داخوازیی "حەقیقەت" و "حیکمەت" پیشانی غەیری خۆیشی دا.

هەروەها وەك شتێکی بەڵگەنەویستە، هەر ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ مەزنترین کەسێك بێت کە هەر شتێك لە گەنجینە پەنهانەکانی بەدیهێنەری جیهاندایە، بە جیهانی ناساندبێت، ئەو گەنجینانەی کە بە ناوازەترین موعجیزە و بەنرخترین گەوهەر پڕ کراون. ئەم پێغەمبەرە ﷺ گەورەترین و بەرزترین کەسە کە ئەمەی ئاشکرا کردووە و دەری خستووە و وەسفی کردووە. بەم کارەشی بە دەم ویستی خواوەندەوە ڕۆشتووە لەوەدا کە دەیەوێت ئەم گەنجینە شاراوانە دەربخات و ئاشکرایان بکات.

هەروەها، وەك شتێکی بەڵگەنەویستە، هەر ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ کە کاملترین ڕابەر بێت بۆ جینی و ئادەمیزاد، تەنانەت بۆ ڕۆحانی و مەلائیکەتانیش.. هەر تەنها ئەو مەزنترین کەسێکە واتای ئاسەوار و جێ‌دەستەکانی بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرانەی ڕوون کردبێتەوە، کە بە جوانترین ئارایشتکاری ڕازاندوونیەتەوە و، دەرفەتی بە خاوەن هەستانی ناو بەدیهێنراوانیشی داوە کە بە بیرکردنەوە و پەند لێ وەرگرتن سەرنجی بدەن. بەمەش ئەم پێغەمبەرە ﷺ بەدەم ئەو ویستەی خواوەندەوە ڕۆشتووە کە دەیەوێت واتای ئەو ئاسەوارانەی سنعەتی خۆی و دەستنیشان کردنی نرخیان بۆ ئەهلی بینین و بیرکردنەوە ڕوون بکاتەوە.

هەروەها وەك شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویستە، هەر ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ کە باشترین کەسێك بێت، لە ڕێی ڕاستی‌یەکانی قورئانەوە، ناوەرۆکی ئەو "ئامانجە"ی ئاشکرا کردبێت کە لە ئاڵوگۆڕەکانی بوونەوەراندا هەن و، هەر ئەویشە کە مەتەڵ و گرێ کوێرەی سەرسووڕهێنەری گەردوونی حەل کردبێت و کردبێتیەوە، کە بریتی‌یە لە سێ پرسیارە سەختەکەی: (تۆ کێیت؟.. لە کوێوە هاتوویت؟.. بۆ کوێ دەڕۆیت)؟! بەمەش ئەو ویستەی خوای گەورەی جێبەجێ کرد کە دەیویست ئەو نهێنی و گرێ‌کوێرەیە بەهۆی نێرراوێکی خۆیەوە بۆ خاوەن هەستان دەربخات و بیکاتەوە.

هەروەها، وەك شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویستە، هەر ئەو پێغەمبەرەیە ﷺ کە کاملترین کەسێك بوو بێت بەهۆی قورئانی پیرۆزەوە، ئامانجەکانی خوای گەورەی دەرخستبێت و، هەر ئەویشە ئەو ڕێگایەی ڕوون کردبێتەوە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ڕەزامەندیی پەروەردگار. بەمەش ئەو ویستەی خواوەندی بەجێ‌هێنا کە دەیویست بەهۆی نێرراوێکی خۆیەوە ڕوونی بکاتەوە

كە: چیی لە خاوەن هەستان دەوێت و بە چی لێیـان ڕازی دەبێـت، دوای ئـەوەی کـە لـە ڕێـی بەدیهێنراوە بێ وێنـە و ناوازەکانیـەوە خـۆی پـێ ناسـاندن و، بـە نیعمـەت و بەخشـشە بـەرز و بەنرخ و لە ژمارە بەدەرەکانیشی خۆی لە لا خۆشەویست کردن.

هـەروەها، وەك شتێکی ئاشـکرا و بەڵگەنەویستە، هـەر ئـەو پێغەمبەرەیـە ﷺ کـە بـەهۆی قورئانی پیرۆزەوە، مـەزنترین کەسێك بێت ئـەرکی پێغەمبەرایـەتیی بـە تـەواوی جێ بـەجێ کردبێت و، لە بەرزترین پلە و جوانترین و ڕێکترین شێوەدا و بەوپـەڕی باشـی ڕایگـەیاندبێت. بەمـەش بـەدەم ئـەو ویسـتەی پـەروەردگارەوە ڕۆشـت کـە دەیویسـت ڕووی مـرۆڤ لـە "زۆری"یەوە بەرەو "یەك" و، لە "فانی"یەوە بەرەو "باقی" وەربگێڕێت..

ئەو مرۆڤەی کە خـواوەندی بەدیهێنـەر کـردوویەتی بە بەروبوومی جیهان و.. هێنـدەش تـوانـا و لێهاتنی پێ بەخشیوە کـە جێـی هـەموو جیـهانی تێدا ببێتـەوە و.. بۆ بەندایەتییـەکی گشتی ئامادەی کردووە و.. بە چەند هەست و شعوورێکیش تاقیی کردووەتەوە کە ڕوویان لە "زۆری" و "دنیا"یە..

جـا لەبـەر ئـەوەی کـە بـەرزترین پلـەی بوونـەوەران: زیندەوەرانـن و.. بـەرزترینی زیندەوەرانیـش: خـاوەن هەسـتانن و.. بـەڕێزترینی خـاوەن هەسـتانیش: مرۆڤـە ڕاسـت و کاملەکانن.. ئەوا لەبەر هەموو ئەمانە، ئەو کەسەی کـە لـە نێـوان هـەموو مرۆڤـە بـەڕێزەکاندا ئـەو فەرمانبەرییـە ناوبراوانـەی ئـەنجام داوە و، بـە شـێوەیەکی جـوان و پلەیـەکی بـەرز مـافی خۆیانی پێ داون.. بە بێ هیـچ گومـانێك ئـەو مرۆڤـە بـەهۆی میعراجـی مەزنـەوە بـۆ بـەرزترین پلەی وەك: (قاب قوسين أو أدنى) بـەرز دەکرێتـەوە و، لـە دەرگـای بەختـەوەریی هەمیشـەیی دەدات و، دەرگـای گەنجینـەکانی میـهرەبانیی فراوانـی خواوەنـد دەکاتـەوە و، ڕاسـتییە پەنهانەکانی ئیمان بە بینینی چاو دەبینێت..

جا دەبێ ئەو کەسە کێ بێت جگە لەو پێغەمبەرە بەڕێزە ﷺ ؟

حەوتەم: هەر کەسێك سـەرنجی خۆی ئاراستەی ئەم بەدیـهێنراوە پـەرش و بڵاوانـەی نـاو گەردوون بکـات، بـە حـەتمی جوانکـاری و ئارایشـتکاریی لـە ئەندازەبەدەر و ناوازەیـان تێـدا دەبینێت. خۆ شتێکی ئاشکرایشە کە ئەم جوانکاری و ئارایشتانە بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی کە بەدیهێنەری ئەو بەدیهێنراوانە ویستی لەسەر جوانکاری و ئارایشتدانی ئەو بەدیهێنراوانەیـەتی، جا ئەو ویستە توندوتیژەی ئەو – بە بێ هیچ گومانێك – دەبێت بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەو بەدیهێنـەرە حـەزێکی بـەرز و خـاوێن و خۆشەویسـتییەکی پـیرۆزی لـە بەرامبـەر ئـەو بەدیهێنراوانەی خۆیەوە هەیە..

لەبـەر ئـەوە، شـتێکی ئاشـکرا و بەڵگەنەویستە کـە: خۆشەویسـتترین کـەس لـە لای ئـەو بەدیهێنەرەی کە بەدیهێنراوانی خۆی خۆش دەوێت، ئەو کەسـەیە کـە هـەموو ئـەو سیفەتانەی

تێدا جەم بوو بێت و، لە خودی خۆیشیدا وردەکاریەکانی سنعەتی خواوەند بە جوانی و تەواوی دەربخات و بیانزانێت و بە غەیری خۆیشیانی بناسێنێت.. کەسێك بێت کە خۆی لای خوای گەورە خۆشەویست بکات و، بەوپەڕی ڕێز و سەرسووڕمانەوە دان بە جوانیی بوونەوەرانی تردا بنێت و، ئەو جوانی یانەیان دەربخات.

جا ئەو کەسە کێیە کە بەرامبەر ئەو جوانکاری و وردەکاری و کەمالاتەی کە بوونەوەران جوان دەکەن و دەیانڕازێننەوە و ڕووناکی یان تێدا پەخش دەکەن، وای لە زەوی و ئاسمانان کردبێت کە بە زایەڵەی دەنگی: (سبحان الله.. ماشاء الله.. الله اکبر) و، بە (زیکر و تەسبیحات و الله أکبر) کردنی سەرسووڕمانەوە، دەنگ بدەنەوە؟

ئەو کەسە کێیە کە بە ئاوازی قورئانی پیرۆز سەرانسەری بوونەوەرانی ڕاتەکاندووە و، وشکایی و دەریاکانیشی خستووەتە جۆش و خرۆشێکی تابڵێی توندوتیژەوە و شەوق و تاسەیەکی یەکجار زۆریشی بەرامبەر بەو قورئانە پیرۆزەوە تێدا هەژاندوون و، وای لێ کردوون کە ڕێزلێنان و سەرسووڕمانی خۆیان بەرامبەر جوانیی ئەو قورئانە بە بیرکردنەوە و ئاشکراکردن و، بە زیکر و تەهلیلەوە دەربڕن؟ دەبێ ئەو زاتە پیرۆزەی کە ئەم کارانە ئەنجام دەدات کێ بێت جگە لە حەزرەتی محەممەدی ئەمین ﷺ؟

جا پێغەمبەرێکی ئاوا مەزن ﷺ کە بەهۆی نهێنیی: "السبب کالفاعل"ەوە هەردەم بە ئەندازەی ئەو کردەوە چاکانەی نەتەوەکەی کردوویانە و دەیکەن، کردەوەی چاك دەخرێتە سەر تای تەرازووی کردەوە چاکەکانی.. ئەو پێغەمبەرەی ﷺ کە سەرجەمی ئەو سڵاواتانەی نەتەوەکەی لەسەری دەدەن، دەخرێنە سەر کەمالاتە مەعنەوییەکانی.. ئەو پێغەمبەرەی ﷺ کە هێندە میهرەبانی و خۆشەویستیی خواوەندی بەسەردا دەبارێت کە نەتوانرێت سنووری بۆ دیاری بکرێت، سەرەڕای ئەو بەروبوومانەش کە پاداشتی گەورە و مەعنەوین و هی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکی پێغەمبەرایەتین..

بەڵێ، ڕۆیشتنی پێغەمبەرێکی گەورەی ئاوا ﷺ - بە بێ هیچ گومانێك - بۆ بەهەشت و "سدرة المنتهی" و "قاب قوسین أو أدنی": عەینی حەق و ڕاستییە و، سەرتاپا دانستی خواوەندە و، کارێکە هیچ گومانێکی تێدا نییە.

■ گرفتی دووهەم:

ئەی مرۆڤی دانیشتوو لە پلەی گوێبیستدا! ئەم ڕاستییەی کە تۆ لێت بووە بە گیروگرفت، لە خۆیدا گەلێ قووڵە و، هێندەش بەرزە کە ژیری پێی ناگات و تەنانەت نزیکیشی ناکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە نووری ئیمان دەبینرێت.

ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین، لە ڕێی چەند نموونەیەکی یاریدەدەر و بەم چەشنەی خوارەوە، شتێك لەو ڕاستییە بەرزە لە تێگەیشتنەکانەوە نزیك بخەینەوە:

ئه‌گه‌ر به‌ چاوی "دانایی" سه‌یری ئه‌م بوونه‌وه‌رانه‌ بكرێت، ئه‌وا له‌ واتا و شێوه‌ی دره‌ختێكی مه‌زندا ده‌رده‌كه‌وێت، جا هه‌روه‌ك دره‌خت: په‌ل و گه‌ڵا و گوڵ و به‌ری هه‌یه‌، له‌ جیهانی نزمیشدا – كه‌ به‌شێكی دره‌ختی به‌دیهاتووانه‌ – ماكه‌كان(العناصر): وه‌ك په‌لی دره‌خت و، ڕووه‌ك و دره‌خته‌كانیش: له‌ حوكمی گه‌ڵادا و، زینده‌وه‌رانیش: به‌ وێنه‌ی گوڵه‌كانی و، مرۆڤه‌كانیش: به‌ چه‌شنی به‌روبوومه‌كانی دره‌ختی ئه‌و جیهانه‌ نزمه‌، ده‌رده‌كه‌ون.

ئه‌و یاسا خواییه‌یه‌ش كه‌ له‌ دره‌خته‌كاندا ده‌ست به‌كاره‌، ده‌بێ به‌پێی داخوازیی ناوی جوانی "الحكیم"ی خواوه‌ند، له‌م دره‌خته‌ مه‌زنه‌شدا ده‌ست به‌كار بێت. كه‌واته‌ "حیكمه‌ت" داخوازی ئه‌وه‌یه‌ ئه‌م دره‌خته‌ش له‌ ناوكێك په‌یدا بووبێت و، ئه‌م ناوكه‌ش، وێڕای له‌خۆگرتنی جیهانی جیسمانی، نموونه‌ و بناغه‌كانی سه‌رجه‌م جیهانه‌كانی تری له‌ خۆدا جه‌م كردبێت. چونكه‌ ئه‌و ناوكه‌ بناغه‌یی و سه‌ره‌كییه‌ی بوونه‌وه‌ران، كه‌ هه‌زاران جیهانی له‌خۆ گرتووه‌ و جێی سه‌رهه‌ڵدانی ئه‌و جیهانانه‌یه‌، هه‌رگیز ناگونجێ ته‌نها مادده‌یه‌كی وشكی بێ گیان بێت.

ئنجا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پێش ئه‌م دره‌خته‌ی بوونه‌وه‌ران دره‌ختێكی تری له‌ جۆری غه‌یری خۆی پێش نه‌كه‌وتووه‌، ئه‌وا ئه‌و واتا و نووره‌ی كه‌ له‌ حوكمی ناوكی ئه‌و دره‌خته‌دان، له‌ شێوه‌ی به‌رێكی دره‌ختی بوونه‌وه‌راندا به‌رجه‌سته‌ بووه‌ و پۆشاكی به‌روبوومی له‌به‌ر كراوه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ناوك هه‌میشه‌ ڕووت و قووت نابێت، چونكه‌ گه‌ر له‌ سه‌ره‌تای به‌دیهاتندا پۆشاكی "به‌ر" نه‌پۆشێت، له‌ كۆتاییدا ده‌یپۆشێت و له‌به‌ری ده‌كات!

مادەم مرۆڤ ئه‌و به‌روبوومه‌یه‌ و، باشترین و ڕووناكترین و جوانترین و مه‌زنترین و شه‌ره‌فمه‌ندترین و ناسكترین و به‌سوودترین به‌روبوومه‌كانی گرۆی مرۆڤیش – وه‌ك پێشتر بۆمان چه‌سپا – ئه‌و حه‌زره‌تی محه‌مه‌ده‌یه‌ ﷺ كه‌ به‌ فه‌زڵ و چاكه‌كارییه‌كانی سه‌رنجی هه‌موو به‌دیهاتووانی ڕاكێشاوه‌ و، ڕوانینی نیوه‌ی گۆی زه‌وی و پێنجیه‌كی گرۆی مرۆڤایه‌تیی ئاراسته‌ی زاتی پیرۆزی خۆی كردووه‌ و، سه‌رنجی هه‌موو جیهانه‌كانی، به‌ خۆشه‌ویستی و ڕێز و قه‌درزانییه‌وه‌، بۆ لای ڕه‌وشته‌ جوانه‌كانی خۆی ڕاكێشاوه‌.. ئه‌وا ده‌بێ ئه‌و نووره‌ی كه‌ ناوكی پێكهاتنی بوونه‌وه‌رانه‌ له‌ زاتی ئه‌ودا به‌رجه‌سته‌ ببێت و له‌ شێوه‌ی به‌روبوومی كۆتاییدا ده‌ربكه‌وێت.

ئه‌ی كاكی گوێبیست! به‌دیهێنانی ئه‌م بوونه‌وه‌ره‌ ناوازه‌ و مه‌زنه‌ له‌ ماهیه‌تێكی جوزئیی مرۆڤێك هه‌رگیز به‌ دوور مه‌زانه‌، چونكه‌ ئه‌و خاوه‌ن توانا شكۆمه‌نده‌ی دره‌ختێكی زه‌به‌لاحی سنه‌وبه‌ر – كه‌ وه‌ك جیهانێك وایه‌ له‌ خۆیدا – له‌ ناوكێكی بچووكی دره‌ختی سنه‌وبه‌ر به‌دی ده‌هێنێت، چۆن بوونه‌وه‌رانیش له‌ نووری حه‌زره‌تی محه‌مه‌د ﷺ به‌دی ناهێنێت؟ یان چۆن له‌ ئاستی ئه‌م كاره‌دا ده‌سته‌وسان ده‌بێت؟

بەڵێ، درەختی بوونەوەران وەك درەختی تووبای بەهەشت وایە، قەد و ڕەگەکانی بە ناخی جیهانی بەرزی "عولْوی"دا ڕۆچووە و پەل و بەرەکانیشی بەرەو جیهانی نزمی "سوفلی" شۆڕ بوونەتەوە. لەبەر ئەوە، تاڵە دەزوویەکی پەیوەندیی نوورانی لە نێوان هەردوو لادا هەیە، هەر لە مەقامی بەروبوومەکەوە لە خوارەوە تا دەگاتە مەقامی ناوکە سەرەکی‌یەکە لە سەرەوە.

جا میعراجی پێغەمبەر ﷺ: وێنە و بەرگی ئەو دەزووی پەیوەندی‌یە نوورانی‌یەیە. چونکە پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئەو ڕێگایەی کردەوە و، بە ویلایەتەکەی پێیدا سەرکەوت و، بە پێغەمبەرایەتی‌یەکەشی گەڕایەوە. ئنجا ئەو دەرگایەشی بە کراوەیی هێشتەوە تاکو ئەولیاکانی نەتەوەکەی، کە بە "ڕۆح" و "دڵ" سلووك دەکەن و شوێنی ئەو دەکەون، بیگرنە بەر و لە ژێر سایەی میعراجی پێغەمبەردا ﷺ بەو شەقامە نوورانی‌یەدا بڕۆن و هەریەکەیان بەپێی توانا و لێهاتنی خۆیان بۆ چەندین مەقامی بڵند سەربکەون.

پێشتر چەسپاندمان کە: کردگاری مەزن لە پێناوی چەند مەبەست و ئامانجێکی گەورەدا ئەم بوونەوەرانەی بە وێنەی کۆشکێکی ناوازە بەدی هێناوە و ڕازاندوویەتەوە.. جا ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەی ﷺ کە خولگە و تەوەرەی ئەو مەبەست و ئامانجانەیە، دەبێ هەر لە پێش بەدیهێنانی بوونەوەرانەوە جێی عینایەت و چاودێریی خواوەند و یەکەم کەس بووبێت کە بە لێ درەوشانەوەی ئەو کردگارە مەزنە بەهرەمەند بووە.

کەواتە ئەو پێغەمبەرە مەزنە ﷺ "ئەووەڵ"ە لە ناوەرۆك و مەعنادا.. "ئاخر"یشە لە بوون و وجووددا!

لەبەر ئەوەی کە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ: کاملترینی بەروبوومەکانی درەختی بەدیهاتووانە و، مایەی نرخ و بەهای هەموو بەروبوومەکانە و، تەوەرەی دەرکەوتنی سەرجەمی مەبەست و ئامانجەکانە.. ئەوا دەبێ نووری ئەو پێغەمبەرە ﷺ یەکەم بەدیهاتوو بێت کە درەوشانەوەی بەدیهێنان(إيجاد)ی بەدەست هێنابێت!

■ گرفتی سێهەم:

ئەم ڕاستی‌یە هێندە فراوانە کە زەینە بەشەری‌یە تەسکەکانمان ناتوانن بە تەواوەتی لێی تێبگەن و پەیی پێ ببەن، بەڵام دەتوانین لە دوورەوە بۆی بڕوانین.

بەڵێ، کارگە مەعنەوی‌یەکان و یاسا هەمەکی‌یەکانی جیهانی "سوفلی" لە جیهانی "عولْوی"دان.. هەروەها ئەنجامی کردارەکانی بەدیهاتووە لەژمارەبەدەرە نیشتەجێبووەکانی گۆی زەوی - کە لە خۆیدا مەحشەرێکە بۆ بەدیهاتووانی خوای گەورە - هەروەها داهات و بەروبوومی ئەو کارانەی کە جینی و ئادەمیزاد ئەنجامیان دەدەن، بە هەمان جۆر، تێکڕا لە جیهانە (عولْوی)یەکاندا دەردەکەون و بەرجەستە دەبن.. تەنانەت ئاماژەکانی

قورئانی پیرۆز و، داخوازیی ناوی جوانی "الحكيم"ی خواوەند و، ئەو دانایی‌یەی لە توێی بوونەوەراندا حەشار دراوە و، شایەتی‌دانی ڕیوایەتە زۆر و نیشانە لە سنووربەدەرەکانیش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە: کردەوە چاکەکان لەو جیهانانەدا لە شێوەی بەروبوومی بەهەشتدا دەردەکەون و، کردەوە خراپەکانیش شێوەی زەقوومی دۆزەخ دەگرنە خۆ.

بەڵێ، بوونەوەرە زۆرەکان - بە شێوەیەکی فراوان - لە ڕووی زەوی‌دا بڵاوبوونەتەوە و، جۆرەکانی بەدیهاتنیش لەم سەرزەوی‌یەدا گەلێ لق و پەلیان لێ بووەتەوە، بە ڕادەیەك کە ڕەگەز و جۆرەکانی ئەو بەدیهاتووانەی بەردەوام دەگۆڕرێن و گۆی زەوی‌یان لێ پڕ دەکرێ و ئنجا لێیان خاڵی دەکرێتەوە، گەلێ زیاترن لەو بەدیهاتووانەی کە لە سەرجەمی گەردووندا پەرش و بڵاون.

کەواتە سەرچاوە و کانگا سەرەکی‌یەکانی ئەم شتە جوزئی و بەدیهاتووە زۆرانە، دەبێ چەند یاسایەکی هەمەکی و درەوشانەوەی گشتیی ناوە جوانەکان بن، بە چەشنێ کە شوێنی تیادەرکەوتنی ئەو یاسا هەمەکی و درەوشانەوە گشتی و ناوە گشتگیرانە بریتین لە ئاسمانەکان، کە لە خۆیاندا سادە و ساکار و تا ڕادەیەك ساف و ڕوونن و، هەریەکەشیان لە حوکمی عەرش و بن‌میچی جیهانێکی تردان و مەڵبەندێکی هەڵسوکەوت تیاکردنن. تەنانەت یەکێك لەو جیهانانە "جنة المأوى"یە کە لە لای "سدرة المنتهى"دایە.

هەواڵدەری ڕاستگۆ ﷺ بەم واتایە هەواڵێکی داوە کە: ئەو تەسبیحات و تەحمیدانەی لە زەوی‌دا دەکرێن، لەودنیا لە شێوەی بەروبوومەکانی بەهەشتدا بەرجەستە دەبن.

ئەم سێ خاڵە، بۆمان دەردەخەن کە: گەنجینەی ئەنجام و بەروبوومەکانی زەوی لەوێدان و داهاتەکانیشی بۆ ئەوێ دەبرێن.

کاکی گوێبیست!

هەرگیز مەڵێ: ئەو وشەی "الحمد لله"یەی لە هەوادا بە دەم دەیلێم چۆن لە بەهەشتدا بە شێوەی بەروبووم بەرجەستە دەبێت؟ نەخێر وا مەڵێ.. چونکە تۆ کە بە ڕۆژ لە کاتی بێداری‌دا وشەیەکی خاوێنت لە زار دەردەچێت، هەندێ جار لە خەوندا بە وێنەی سێوێکی بەلەزەت دەیبینیت و دەیخۆیت. هەروەها هەندێ جار گوفتارە ناشیرینەکەی ڕۆژت، لە خەوندا وەك شتێکی تاڵ دەبینیت و قووتی دەدەیت، بۆ نموونە گەر بە ڕۆژ غەیبەتی کەسێکت کردبێت، لە خەوندا ناچاری خواردنی گۆشتی مردوو دەکرێیت!

کەواتە ئەو وشە جوان و ناشیرینانەی لەم دنیایەدا لە زارت دەردەچن - کە جیهانی خەوە - لە جیهانی بێداریی ئەودنیا لە شێوەی بەروبوومدا پێشکەشت دەکرێن و تۆش دەیانخۆیت. دەشبێ ئەم خواردنەت هەرگیز بە دوور نەزانیت!

بناغەی چوارەم

بەروبووم و سوودەکانی میعراج چین؟

وەڵام:

ئەم میعراجە مەزنەی کە درەختێکی تووبای مەعنەویـیە، گەلێ سوودی مەزن و بەروبوومی پێگەیشتووی هەیە، کە زیاتر لە پێنج‌سەد دانەیان بەو درەختەدا شۆڕ بوونەتەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها پێنجیان بۆ نموونە باس دەکەین..

بەروبوومی یەکەم

بریتی‌یە لە: بینینی ڕاستی‌یەکانی پایەکانی ئیمان بە چاوی بینین و تێگەیشتن. واتە: بینینی مەلائیکەت و، بەهەشت و، ئاخیرەت، تەنانەت بینینی زاتی مەزنی شکۆمەندی خواوەندیش. جا ئەم چاوپێکەوتن و بینینە ڕاستە: گەنجینەیەکی مەزنی نەبڕاوە و، نوورێکی ئەزەلیی نەکوژاوە و، دیاری‌یەکی هەتاهەتایی لەڕادەبەدەر بەنرخی بە سەرجەمی بوونەوەران و بە تایبەتی گرۆی ئادەمیزاد بەخشیوە. چونکە ئەو "نوور"ە سەرجەمی بوونەوەرانی لەو وەهمە دەرباز کرد کە گومانی ئەوەیان پێ دەبرا و وا دەزانرا لەناو چەند بارودۆخێکی لەناوچووی شلەژاوی بەئازاردا دەتلێنەوە و هەردەم بەرەو خوارتریش دادەبەزن.. بەڵێ، لەو گومانە دەری هێنان و بە شێوە ڕاستەقینەکەیان دەری‌خستن کە بریتین لە: چەند نووسراوێکی صەمەدانی و.. نامەی خاوێنی پەروەردگاری و.. چەند ئاوێنەیەکی جوان کە جوانیی "تەنیایی" خواوەندیان تێدا دەردەکەوێت. دیارە بەمەش خۆشی و شادیی خستە دڵی هەموو خاوەن هەستانەوە، تەنانەت هەموو بوونەوەرانی خۆشحاڵ و شادمان کرد.

ئنجا ئەو نوورە چۆن بوونەوەرانی لە چەند بارودۆخێکی وەهمی و ئازاربەخش دەرهێنا.. مرۆڤی دەستەوسانی بەردەم چەندەها دوژمنی لەژمارەبەدەر و موحتاجی چەندین پێویستیی بێ سنووریشی لە چەندەها بارودۆخی فانی و ڕێ لێ ونکەر ڕزگار کرد کە تیایاندا دەتلایەوە و، پەردەی لەسەر شێوە ڕاستەقینەکەی لادا و دەری خست کە "مرۆڤ": یەکێکە لە موعجیزاتی توانستی خوای گەورە و.. بەدیهاتووی "أحسن تقویم"یەتی و.. نوسخەیەکی گشتی و تیاجەم‌بووی نامە صەمەدانی‌یەکانی خواوەندە و.. قسە بۆکراوی خاوەن هەست و شعوور و بەندەی تایبەتیی پادشای ئەزەل و ئەبەدە و.. خەلیلی خۆش ویستراوی خۆی و نرخ شناسی کەماڵاتەکانیەتی و.. خۆشەویست و سەرسووڕماوی جوانیی خاوێنی خواوەندە و..

میوانی بەڕێز و پاڵێوراوی دەستنیشان کراوەتی بۆ بەهەشتە نەبڕاوە هەمیشەییەکەی.. ئای لەم نوورە چ خۆشییەکی لەڕادەبەدەر و تاسەیەکی گەرموگوڕی نەبڕاوە پێشکەش بە هەموو کەسێك دەکات کە خۆی بە "مرۆڤ" بزانێت!

بەروبوومی دووهەم

بریتییە لەوەی کە پێغەمبەر ﷺ "بناغەکانی ئیسلام" لە پێش هەموویانەوە "نوێژ"ی وەك دیارییەکی بەنرخ و باش و گرانبەها بۆ سەرانسەری گرۆی جینی و ئادەمیزاد لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئەو بناغانەی کە ڕەزامەندییەکانی پەروەردگاری جیهانیان و فەرمانڕەوای ئەزەل و ئەبەدیان تێدا بەرجەستە بووە.

خۆ هەر تەنها "زانین"ی ئەو شتانەی مایەی ڕەزامەندیی پەروەردگارن، هێندە تاسەمەندی و حەز و ئارەزووی تێگەیشتن لە مرۆڤدا دەورووژێنێت کە لە باس کردن نایەن، وێڕای ئەو بەختەوەری و شادمانییەش کە بە دڵی مرۆڤی دەبەخشێت. چونکە بێ گومان هەموو مرۆڤێك زۆر بە گەرموگوڕی و پڕ بەدڵ حەز دەکات بزانێت - با لە دووریشەوە بێت - ئەو پادشایەی کە نیعمەتی خۆی پێبەخشیوە و چاکەی لەگەڵدا کردووە چیی لێ دەوێت و داوای چیی لێ دەکات؟ خۆ ئەگەر ڕەزامەندییەکانی خواوەندیشی زانی، ئەوا دەکەوێتە خۆشی و شادمانی و ڕەزامەندی و دڵنیاییەوە و پڕ بە دڵیش ئاوات دەخوازێت و دەڵێت: (خۆزگا هۆکارێك لە نێوان من و پەروەردگارمدا دەبوو تاکو بزانم چیی لە من دەوێت و پێی خۆشە لەسەر چ جۆرە حاڵەت و ڕەفتارێك بم)!

بەڵێ، ئەو مرۆڤەی کە لە هەموو کات و حاڵ و کاروبارێکیدا لەوپەڕی هەژاری و موحتاجیدایە بۆ لای خاوەنەکەی خۆی و.. هێندەش چاکە و نیعمەت و خەڵاتی ئەوی دەست کەوتووە کە لە ژمارە نایەن و.. دڵنیایە لەوەی کە سەرجەمی بوونەوەران لە دەستی ئاڵوگۆڕپێ کردن و توانستی ئەودان و.. هەرچی بریسکانەوەی جوانی و کەماڵاتیش هەن کە بەسەر ڕوخساری بوونەوەرانەوە دەردەکەون، هێشتا لەچاو جوانی و کەماڵی ئەودا سێبەرێکی لاوازن..

بەڵێ، ئەم مرۆڤە، دەبێ چەندە موشتاق و ئارەزوومەندی ناسینی ئەو شتانە بێت کە مایەی ڕەزامەندیی ئەو پەروەردگارە شکۆمەندەن و چەندەش حەز بکات بزانێت داوای چیی لێ دەکات! لەوانەیە بتوانیت بۆ خۆت ئەمە لێك بدەیتەوە و هەڵی بسەنگێنیت!

دەسا فەرموو ئەوەتا پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئەو ڕەزامەندییانەی پەروەردگاری جیهانیانی لەگەڵ خۆدا هێناوە و، بە "حق الیقین" لە پشت حەفتا هەزار پەردەوە ڕاستەوخۆ لە

خواوەندی بیستوون و، وەك یەكێك لە بەروبوومە خاوێن و بەلەزەتەكانی میعراج بە دیاری پێشكەشی سەرجەمی گرۆی مرۆڤایەتیی كردوون.

بەڵێ، مرۆڤ كە حەز دەكات بزانێت چی لەناو "مانگ"دا ڕوو دەدات و، گەر كەسێك بڕوات بۆ ناو مانگ و هەواڵی ئەوێ بهێنێتەوە، لەوانەیە ئەم زۆر شتی بەنرخی خۆی بەخت بكات لە پێناوی زانینی ئەو هەواڵەدا و، هەتا هەواڵی زیاتری ئەوێ بزانێت پتر سەرسامی و سەرسووڕمان دەیگرێت!

كاتێ ئەمە حاڵی مرۆڤ بێت لەگەڵ هەواڵەكانی ئەو كەسەی كە لە مانگەوە هاتووەتەوە، دەبێ شەوق و تاسەمەندیی مرۆڤ بۆ بیستنی هەواڵەكانی ئەو كەسە چۆن بێت كە لە لایەن ئەو خاوەن موڵكە شكۆمەندەوە گەڕاوەتەوە كە مانگ لە موڵكی ئەودا تەنها وەك مێشێك وایە بە دەوری پەپوولەیەكدا بفڕێت و ئەو پەپوولەیەش بە دەوری یەكێك لەو هەزاران چرایانەدا بخولێتەوە كە میوانخانەكەی ئەویان ڕووناك كردووەتەوە!

بەڵێ، پێغەمبەری ئازیز ﷺ كاروبار و سنعەتە ناوازە و گەنجینەكانی میهرەبانیی ئەم پادشا مەزن و شكۆمەندەی لە جیهانی مانەوە(بقاء)دا بینی و، دوای ئەوە گەڕایەوە و، بینینەكانی بۆ گرۆی ئادەمیزاد گێڕایەوە.

خۆ ئەگەر گرۆی مرۆڤ بە تاسە و ئارەزوومەندی و بەوپەڕی ڕێز و سەرسووڕمانەوە گوێ لەم پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ ڕانەگرێت، ئەوا بزانە چەندە لە ژێری دوور دەكەوێتەوە و چەندەش بەم ڕەفتارەی لە دانایی لا دەدات!

بەروبوومی سێهەم

بریتییە لەوەی كە: پێغەمبەر ﷺ گەنجینەكانی بەختەوەریی هەمیشەیی و نیعمەتە نەبڕاوەكانی بەهەشتی دیوە و، كلیلەكانیانی وەرگرتووە و بە دیاری بۆ گرۆی جینی و ئادەمیزادی هێناوە!

بەڵێ، لەم میعراجەدا بە چاوی سەر بەهەشتی هەمیشەیی بینیوە و، درەوشانەوە هەمیشەییەكانی سۆز و بەزەیی خواوەندی میهرەبانی شكۆمەندی دیوە و، بە "حق اليقين" بەختەوەریی هەمیشەیی هەست پێ كردووە و، مژدەی ئەو بەختەوەرییە هەمیشەییەشی لەگەڵ خۆیدا بۆ جینی و ئادەمیزاد هێناوە، كە مژدەیەكی هێندە مەزنە مرۆڤ لە وەسف كردنیدا دەستەوسانە.

چونكە لە كاتێكدا بارودۆخە وەهمییەكان دەورانەوری جینی و ئادەمیزادیان داوە و، وای پیشان دەدەن كە: هەموو بوونەوەران بەردەوام لەم دنیا بێبار و ڕانەوەستاوەدا

هەمیشـە زللـەی جودایـی و نـەمانیان لـێ دەدرێـت و، لافـاوی زەمـان و جموجوولـی گەردیلەكانیش بەرەو دەریای عەدەم و جودایی هەمیشەیی ڕایدەماڵن.. بەڵێ، لە كاتێكدا ئەم بارودۆخە ئازار بەخشانەی - كە وەختە گیانی جیننی و ئـادەمیزاد بكێشـن - لـە هـەموو لایەكەوە دەورەیان داون.. ئا لەم كاتەدا، ئـەو مژدە خۆشـەی بەختـەوەریی هەمیشـەیی‌یان پێ دەدرێت!

بۆ خـۆت لەبەر تیشـكی ئەمـەدا مـەودای ئـەو بـەختەوەری و شـادمانی و دڵخۆشـی‌یەی جیننی و ئادەمیزاد لێك بدەرەوە كە لەم مژدەیەوە بەدەستی دەهێنن، لە كاتێكدا كە پێشتر لەو گومانەدا بوون بڕیـاری ئیعدامـی هەمیشـەیی‌یان لەسـەر دەركراوە و بـە تـەواوەتی تیـادەچن و نامێنن. ئنجا دوای ئەم لێكدانەوەیە لە نرخ و بەهای ئەم مژدەیە تێ‌بگە.

گەر كەسێك حوكمی لەسێدارەدانی لەسەر دەركرابێـت و، لـەو كاتـەدا كـە بـەرەو پـەتی سێدارە هەنگاو دەنێت، پێی بوترێت: (پادشا لێـت خـۆش بـووە و، جگـە لەمـەش خانوویـەكی پێ بەخشیوویت)! دەبـێ مـەودای ئاسـۆكانی ئـەو خۆشـی و شـادمانی‌یە چـەندە بێـت كـە ئـەم هەواڵە لە دڵ و دەروونی ئەو كەسە بە ئیعدام حوكم دراوەدا دەیكاتەوە؟!

جا بۆ ئەوەی بتوانیت لە نرخ و بەهای ئەم بەروبووم و مژدە مەزنە تێ‌بگەیت و تەسـەووری بكەیت، ئەوا بە ئەندازەی ژمارەی جیننی و ئادەمیزاد ئەو خۆشی و شادمانی‌یە كۆبكەرەوە، با ئەندازە و مەودای نرخ و بەهای ئەو مژدەیەت بۆ دەربكەوێت!

بەروبوومی چوارەم

بریتی‌یە لە بینینـی جوانیـی خـوای گـەورە. جا هـەروەك پێغەمبـەر ﷺ بـۆ خـۆی بـەم بینینـە بەهرەمەند بوو، ئەو هەواڵەشی لەگەڵ خۆی‌دا هێنایەوە كە: هەموو ئیماندارێك دەتوانێت بەم بەروبوومە باقی و نەبڕاوەیە بەهرەمەند ببێت!! بەمـەش دیاری‌یـەكی گەلـێ مـەزنی پێشكەشـی گرۆی جیننی و ئادەمیزاد كرد!

دەتوانیت بـۆ خـۆت لە ڕوانگـەی ئەم نموونەیـەی خـوارەوە مـەودای چێـژ و شـیرینی و جـوانـی و بەنرخیی ئەم بەروبوومە بەدیاری هاتووە دەستنیشان بكەیت:

هەر مرۆڤێك دڵێكی زیندووی لە خۆی‌دا هـەڵگرتبێت، بێ هیـچ گومـانێك ئـەو كەسـەی خۆش دەوێت كە خاوەنی جوانی و كـەماڵ و چاكەیـە.. ئنجـا ئـەم خۆشەویستی‌یەش هـەردەم بـەپێی بەرزبوونـەوەی پلـەكانی ئـەو جوانـی و كـەماڵ و چاكەكاری‌یـە زیـاد دەكـات و بـەرز دەبێتـەوە تـا دەگاتـە پلـەی عیشـق و پەرستن. ئیـتر خـاوەنی ئـەم پلەیـە لـە پێنـاوی بینینـی ئـەو جوانی‌یەدا هەرچی‌یەكی هەیـە بـەختی دەكـات، تەنانـەت لەوانەیـە هـەموو دنیاكەشی بـەخت بكات لە پێنـاوی ئـەوەی تەنها یەك جار ئەو جوانی‌یە ببینێت!

خۆ ئەگەر بزانین ڕێژەی جوانی و کەماڵ و چاکەکاری‌یەکانی ناو بوونەوەران لەچاو جوانی و کەماڵ و چاکەکاریی خوای گەورەدا ناگاتە ئاستی ئەوەی کە هێشتا چەند وردە بریسکانەوەیەکی کز و لاواز بن لەچاو خۆری درەخشاندا، ئەوا دەتوانیت - گەر بە ڕاستی مرۆڤ بیت - پەی بە مەودای ئەو بەختەوەری‌یە بەردەوام و شادی و لەزەت و نیعمەتە ببەیت کە لە بەهرەمەندیی بینینی ئەو کەسەدایە شایانی خۆشەویستیی نەبڕاوە و شەوق و تاسەمەندیی بێ‌سنوور و بینینێکی تەواونەبووی بێ‌کۆتایی‌یە لە بەختەوەری‌یەکی هەمیشەیی‌دا!

بەروبوومی پێنجەم

بریتی‌یە لەوەی کە مرۆڤ - هەروەك لە میعراجەوە دەردەکەوێت - "بەر"ێکی بەنرخی ناو بەروبوومەکانی بوونەوەرانە و، بەدیهاتوویەکی بەڕێز و خۆش ویستراوی بەدیهێنەری مەزنە.

جا ئەم بەرە شیرین و بەلەزەتەی کە پێغەمبەری ئازیز ﷺ بەم میعراجە کردی بە دیاریی دەستی بۆ گرۆی جینی و ئادەمیزاد، مرۆڤی لەو ئاستەوە کە: بەدیهاتوویەکی بچووك و زیندەوەرێکی لاواز و خاوەن هەستێکی کۆڵەوار بێت، بەرزکردەوە و گەیاندیە مەقامێکی بەرز و پلە و پایەیەکی یەکجار بلند، تەنانەت بۆ بەرزترین پلەی عیززەت و ڕێز لێگیراوی بەسەر هەموو بەدیهاتوواندا بەرزی کردەوە. ئیتر ئەم بەروبوومە هێندە خۆشی و شادمانی و بەختەوەریی بێ‌گەردی بەم مرۆڤە بەخشی کە وەسف کردنی لە تواناڈا نی‌یە.

چونکە ئەگەر بە هەر تاکە سەربازێك بوترێت: ئەوا کرایت بە "موشیر" لە سوپادا، ئایا چەندە منەتبار و سوپاسگوزار و دڵخۆش و ڕازی و شادمان دەبێت؟ دیارە ئەندازەی ئەوە ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت..

ئەی ئەگەر ئەم مرۆڤەی کە بەدیهاتوویەکی لاواز و، زیندەوەرێکی هۆشمەند(حەیوانێکی ناتیق) و، کۆڵەوارێکی لەناوچووە و، لە بەردەم مشتەکۆڵەکانی جودایی و نەماندا زەلیل و دەستەوسانە، پێی بوترێت:

دەچیتە ناو بەهەشتێکی هەمیشەیی و.. لە نیعمەتی سۆز و میهری فراوان و هەتاهەتایی خواوەندی میهرەباندا دەبیت و.. بەناو مولك و مەلەکووتی ئەودا - کە جێی ئاسمانەکان و زەویی تێدا دەبێتەوە - گەشت و گوزار و سەیران دەکەیت و.. بە خێرایی "ئەندێشە" و فراوانیی "ڕۆح" و توانا و هاتوچۆی "ژیری" لەزەت لە هەموو ئارەزووەکانی "دڵ"ت دەبەیت.. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، لە بەختەوەریی هەمیشەیی‌دا، بەهرەمەندی: بینینی جوانیی موقەددەسی خواوەند دەبیت..

گـه‌ر ئـه‌م مژده‌یـه‌ بـه‌و كه‌سـه‌ بدرێـت، ئـه‌وا هـه‌ر مرۆڤێـك پلـه‌ی مرۆڤایـه‌تیی خـۆی نه‌دۆڕاندبێت و له‌ ئاستی مرۆڤ دانه‌به‌زیبێت، ده‌توانێت مه‌ودای ئـه‌و خۆشـی و شـادمانی‌یه‌ی كه‌ دڵ و ده‌روونی ئه‌و مژده‌ پێدراوه‌ پڕ ده‌كه‌ن، هه‌ست پێ بكات و بزانێت!

* * *

ئێستاش ڕوو له‌و كه‌سه‌ ده‌كه‌ین كه‌ له‌ مه‌قامی گوێبیستدا دانیشتووه‌ و، پێی ده‌ڵێین:

كراسی ئیلحادی بـه‌رت بدڕێنه‌ و تـا ده‌ستت ده‌گـات فڕێی بـده‌! ئنجا بـه‌ گوێی مرۆڤـی ئیماندار ببیسته‌ و به‌ چـاوی موسـڵمانیش ببینـه‌، چونكـه‌ وا لـه‌ نێـوان دوو نموونـه‌ی بچووكدا نرخ و به‌های چه‌ند به‌روبوومێكت بۆ ڕوون ده‌كه‌مه‌وه‌:

نموونه‌ی یه‌كه‌م:

وا دابنێ ئێمه‌ له‌گه‌ڵ تۆدا لـه‌ناو وڵاتێكی فراوانداین و، كه‌ سـه‌یری هـه‌ر لایـه‌ك ده‌كـه‌ین جگه‌ له‌ دوژمنایه‌تی چیی تر نابینین و، سه‌رجه‌می شتان دوژمنی یـه‌كتری و دوژمنـی ئێمه‌شـن. ئنجا هه‌موو شتێكی ناو ئه‌و وڵاته‌ش نامۆن به‌ ئێمه‌ و نایاننناسین، هه‌موو گۆشه‌یه‌كیشـی پڕه‌ لـه‌ چه‌نده‌ها ته‌رمی ئه‌وتۆ كه‌ ترس و سام و حه‌په‌سان ده‌خه‌نه‌ دڵـی مرۆڤـه‌وه‌ و لـه‌م لا و له‌ولاشـدا ده‌نگی گریان و داد و هاواری هه‌تیوان و سته‌م لێكراوان به‌رز ده‌بێته‌وه‌..

له‌م كاته‌دا كه‌ ئێمه‌ له‌ ناوه‌ندی ئه‌م چه‌شنه‌ كاره‌سات و ئازارانه‌داین، یـه‌كێك ده‌ڕوات بـۆ لای پادشای وڵات و له‌و سه‌ره‌وه‌ به‌ مژده‌یه‌كی دڵخۆشكه‌ر بۆ هه‌موان ده‌گه‌ڕێته‌وه‌..

جا ئه‌گه‌ر ئه‌و مژده‌یه‌ شته‌ نامۆكانی بۆ كردین به‌: خۆشه‌ویست و.. شێوه‌ی ئه‌وانه‌شی كـه‌ به‌ دوژمنمان ده‌زانین گۆڕی به‌: شێوه‌ی برای دڵسۆز و.. ته‌رمه‌ ترسناكه‌كانیشی لـه‌ شـێوه‌ی: چه‌ند به‌نده‌یه‌كی ملكه‌چ و زیكرگۆ و ته‌سبیح خوێنی خـوای گـه‌وره‌دا ده‌رخسـت و، ئـه‌و گـریان و هـاوارانه‌شی وه‌ك: حـه‌مد و سه‌نا و شـوكرانه‌بژێری لـێ كـرد و.. مردووه‌كـان و ئـه‌و زه‌وت و تـاڵان و بڕۆیه‌شـی گـۆڕی بـه‌: ڕوخسـه‌تدان و تـه‌سریح كــردن لـه‌ ئـه‌ركی سـه‌رشـان و.. ئێمـه‌ش لـه‌م كاتـه‌دا، سـه‌رباری خۆشـی و شـادمانیی خۆمـان، به‌شداریمان لـه‌ خۆشی و شادمانیی ئه‌واندا ده‌كرد..

گه‌ر له‌و كاته‌دا كه‌سێك مژده‌یـه‌كی ئـاوای هێنـا، ئـه‌وا ده‌توانیـت بـۆ خـۆت مـه‌ودای ئـه‌و خۆشی و شادمانی‌یه‌ بزانیت كه‌، به‌و مزگێنیـه‌ مه‌زنـه‌، دڵـی هـه‌مووومان ده‌گرێتـه‌وه‌ و گشـت لایه‌كمان پێی شادمان ده‌بین!

هه‌ر به‌ وێنه‌ی ئه‌م نموونه‌یه‌، یه‌كێك له‌ به‌روبوومه‌كانی "میعراج"یـش بریتی‌یـه‌ لـه‌ "نووری ئیمـان". خۆ ئه‌گه‌ر دنیـا لـه‌م به‌روبوومـه‌ خـاڵی بێـت، واتـه‌: بـه‌ چـاوی "گومڕایـی" بـۆ بوونـه‌وه‌ران بـڕوانرێت، ئـه‌وا بوونـه‌وه‌ران بـه‌: نـامۆ و دڕنـده‌ و بێزاركـه‌ر و زیانبـه‌خش ده‌بینیـت و، ته‌نه‌ مه‌زنه‌كانی وه‌ك چیا و شاخه‌كانیش به‌ وێنـه‌ی چـه‌ند تـه‌رمێك دێنـه‌ پێش‌چاو

کە سام و مەترسی لە دەروونـدا دەورووژێنن و، ئەجەلیش بە جەللادێك دەبینێت کە لە گەردنی بوونەوەران دەدات و دەیانخاتە ناو بیری عەدەم و، دەنگ و زایەڵەکانیش بە شین و گریان و هاواری "جودایی" و "نەمان" دەزانیت..

لەو کاتەدا کە چاویلکەی بیری "گومڕایی" بوونەوەرانت بەم جۆرە پیشان دەدات، بەروبوومی میعراج، کە بریتی‌یە لە ڕاستی‌یەکانی ئیمان، دێت و سەرجەمی بوونەوەرانت بۆ ڕووناك دەکاتەوە و، دەری‌دەخات کە ئەو بەدیهاتووانە: برای خۆشەویستی یەکترین و، سەرگەرمی زیکر و تەسبیحن بۆ بەدیهێنەری مەزنیان و، مردن و نەمانیش تەسریح بوون و حەوانەوەیە لە ئەرکی سەرشان و، ئەو دەنگانەش دەنگی تەسبیح و سوپاسگوزارین بۆ خوای گەورە... هتد.

گەر دەتەوێت ئەم ڕاستی‌یە بە جوانترین شێوە ببینیت، ئەوا سەر لە وتەی دووهەمی "وتە بچووکەکان" بدە.

نموونەی دووهەم:

وا دابنێ کە ئێمەش لەگەڵ تۆدا لەناو دەشتایی‌یەکی گەورەدایین و، لە هەموو لایەکەوە زریانی با و لم دەورەی داوین و، تاریکایی شەویش بووە بە پەردەیەکی ئەوتۆ کە هیچ شتێك تەنانەت دەستەکانی خۆشمان نابینین و، برسێتی زۆری بۆ هێناوین و تینوێتیش ئاگری لە هەناومان بەرداوە و، هیچ یارمەتی‌دەر و پشت و پەنایەکیشمان نی‌یە.. ئنجا وا دابنێ کە لەو کاتەدا ئێمە بەم حاڵەوە دەتلاینەوە، کەسێکی بەڕێز بێت بۆ لامان و پەردەی تاریکی بدڕێنێت و، هۆیەکی گواستنەوەی حەوێنەریشی لەگەڵ خۆیدا بە دیاری بۆ هێنابین و بەو هۆکارە بۆ شوێنێکی وەك بەهەشت بمانگوێزێتەوە و، لەوێدا هەموو شتێکمان بە گوێرەی دڵ بێت و گشت پێداویستی‌یەکیشمان بۆ دابین و ئامادە کرابێت و، کەسێك سەرپەرشتیمان بکات و کاری ئێمەی بەدەست بێت کە خاوەنی ئەوپەڕی بەزەیی و سۆز و میهرەبانی بێت و، هەموو پێداویستی‌یەکی خواردن و خواردنەوەشی بۆ ئامادە کردبێتین..

پێم وایە ئێستا دەزانیت کە: چەندە منەتبار و سوپاسگوزاری چاکەی ئەو کەسە بەڕێزە دەبین کە ئێمەی لە جێ و شوێنی نائومێدی‌یەوە هێنایە جێگایەك سەرتاپا هیوا و ئاوات و خۆشی و شادمانی‌یە!

جا ئەو بیابانە گەورەیە بریتی‌یە: لەم دنیایە و.. زریانی با و لمەکانیش: بزووتنی گەردیلەکان و لافاوی زەمانن کە سەرجەمی ئەم بوونەوەرانە و ئەم مرۆڤە هەژارەیان تێدا دەتلێتەوە.. ئەوەتا هەموو مرۆڤێك نیگەرانە و لە مەترسیی ئەو بەسەرهاتانەدایە کە ڕۆژگارە تاریك و سامناکەکانی داهاتووی بۆیان هەڵگرتووە..

"گومڕایی" دنیای ئاوا پیشان دەدات، ناشزانێت هانا و داد بۆ لای کێ بەرێت و، لە برسێتی و تینوێتیدا دەتلێتەوە و گرفتار بووە.

جا "زانین"ی ئەو شتانەی مایەی ڕەزامەندیی خواوەندن - کە یەکێکە لە بەروبوومەکانی "میعراج" - ئەم دنیایە دەکات بە: میوانخانەی میواندارێکی بەخشندەی دەست ڕەنگین و.. خەڵکانیش دەکات بە: میوانی بەڕێز و کار پێ سپێرراوی خۆی لە هەمان کاتدا و.. دوارۆژێکی گەشی وەك "بەهەشت" و، بەتام و لەزەتی وەك "میهرەبانی" و، درەخشانی وەك "بەختەوەریی هەمیشەیی" بۆ دەستەبەر دەکات.

جا ئەگەر بتوانیت تەسەووری ئەمە و ئەوە بکەیت، ئەوا دەتوانیت مەودای چێژ و جوانی و شیرینی ئەو بەروبوومە بزانیت!

* * *

ئەو کەسەی کە تا ئێستا لە مەقامی گوێبیستدا بوو، دەڵێت:

(هەزار شوکر و سوپاس بۆ خوای گەورە! وا بە فەزڵی ئەو خوایە لە ئیلحاد ڕزگار بووم و ڕێی ئیمان و تەوحیدم گرتەبەر و - سوپاس بۆ خوا - ئیمانم بەدەست هێنا).

ئێمەش پێی دەڵێین:

برای بەڕێز!

پیرۆزبایی ئەم ئیمانەت لێ دەکەین و، لە خوا داواکارین لە شەفاعەتی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەی ﷺ بەشدارمان بکات. ئامین.

اللّهم صلّ على من انشق بإشارتة القمرُ، ونبع من أصابعه الماءُ كالكوثرِ، صاحبِ المعراج وما زاغ البصرُ، سيّدنا محمد وعلى آله وأصحابه أجمعين. من أول الدنيا الى آخر المحشر.

﴿سُبحَانكَ لا عِلم لَنا إلاّ ما عَلّمتنا إنّك أنت العليمُ الحكيم﴾ (البقرة:٣٢).

﴿ربّنا تَقبّلْ مِنّا إنّك أنتَ السّميعُ العَليم﴾ (البقرة:١٢٧).

﴿ربّنا لا تُؤاخِذنا إنْ نَسينَا أو أخطَأنا﴾ (البقرة:٢٨٦).

﴿ربّنا لا تُزغْ قُلوبَنا بَعدَ إذْ هَدَيْتنا﴾ (آل عمران:٨).

﴿ربّنا أتمِم لَنا نُورَنا وَاغفِر لَنا إنّكَ عَلى كُلّ شيءٍ قَديرٍ﴾ (التحريم:٨).

﴿وآخِرُ دَعْواهُم أنِ الحَمْدُ لله رَبّ العَالمينَ﴾ (يونس:١٠).

پاشکۆی

وتەی نۆزدەهەم و سی و یەکەم

موعجیزەی لەت بوونی مانگ

بسم الله الرحمن الرحیم

﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ ۝ وَإِنْ يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُسْتَمِرٌّ﴾ (القمر: ١-٢)

چەند فەیلەسووفێکی ماددی و ئەوانەش کە کوێرانە چاویان لێ دەکەن، دەیانەوێت پەردە بەسەر ڕووی موعجیزەی "لەت بوونی مانگ"دا، کە وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە، بگێڕن و لە بەرچاودا لایببەن. ئەوەتا چەند وەهمێکی هەڵە و دوور لە ڕاستی لە بارەیەوە بڵاو دەکەنەوە و دەڵێن: (ئەگەر موعجیزەی لەت بوونی مانگ لە ڕاستیدا ڕووی بدایە، ئەوا سەرانسەری جیهان دەیزانی و، هەموو کتێبەکانی مێژوویش باسیان دەکرد)!

وەڵام:

موعجیزەی لەت بوونی مانگ لە بەردەم کۆمەڵێکدا ڕووی داوە کە دەعوای پێغەمبەرێتیی پێغەمبەریان ﷺ بیست و ئینکارییان کرد، ئەم موعجیزەیەش بۆ چەسپاندنی ئەو دەعوایە ڕووی داوە. ڕوودانەکەشی لە شەودا و لە کاتێکدا کە خەڵکی بێ ئاگابوون و بە شێوەیەکی کاتیش بووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازیی هەڵاتگەکان(مطـــالع) و پەڵە هەور و، هۆکارەکانی تری جگە لەمانەش، ڕێ لە بینیی مانگ دەگرن. شتێکی ئاشکرایشە کە هۆکارە شارستانییەکانی نوێ و کاروباری ڕوانین و سەیرکردنی بۆشایی ئاسمان، وەك ئێستا، بڵاو نەبووە.

کەواتە مەرج نییە کە هەرچی کەس هەیە لە هەموو جێگایەکدا ئەم لەت بوونەی مانگ ببینێت و، ئەم ڕووداوەش بچێتە ناو کتێبەکانی مێژووەوە!

ئێستا لە نێوان چەندین خاڵی زۆردا گوێ بۆ پێنج خاڵ ڕابگرە، کە گوێت ڕاگرت، ئەوا پشت بەخوا، هەموو ئەو پەڵە هەورە وەهمییانەی کە لەسەر ڕووی ئەم موعجیزەیە کەڵەکە بوون، دەڕەوێنەوە:

● **خاڵی یەکەم:**

سەرسەختی و ملنەدانی کافرانی ئەوکاتە - بەپێی هەواڵی مێژوو - شتێکی بەناوبانگ و زانراوە. جا کاتێ کە قورئانی پیرۆز ئەم موعجیزەیەی بە ئایەتی: ﴿**وانشَقَّ القمر**﴾ ڕاگەیاند و، دەنگدانەوەی ئەم ئایەتەش بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە، هیچ کام لەو کافرانەی کە باوەڕیان بە قورئان نەدەکرد، نەیانتوانی و پرکێشیی ئەوەیان نەکرد کە ئەم ئایەتە بە درۆ بخەنەوە، واتە: بڵێن: درۆیە، ڕووداوی وا ڕووی نەداوە. چونکە ئەگەر لە ڕاستیدا ئەو موعجیزەیە ڕووی نەدایە و، شتێکی چەسپاو نەبوایە لایان، ئەوا بە توندی بۆ بە درۆخستنەوەی و بەتاڵکردنەوەی دەعوای پێغەمبەرێتیی پێغەمبەر ﷺ ڕادەپەڕین. خۆ ئەوەتا هەموو کتێبەکانی مێژوو بگەڕێ، هیچ کامیان چ قسەیەکی کافرانی سەبارەت بە ئینکاری کردنی لەت بوونی مانگ نەقڵ نەکردووە، مەگەر ئەوە نەبێ کە قورئان خۆی لە ئایەتی: ﴿**ويقولوا سحرٌ مستمر**﴾دا ڕوونی کردووەتەوە. ئەویش بریتییە لەوەی کە: ئەو کافرانەی ئەم موعجیزەیان بە چاوی خۆیان دی، وتیان: "ئەمە سیحرە" کەواتە با چەند کەسێك بڕۆن بۆ شوێنانی تر و بپرسن ئایا خەڵکی ئەو شوێنانەش ئەمەیان دیوە یان نا؟ کە ڕۆژ بووەوە لە "یەمەن" و شوێنانی ترەوە کاروان گەیشتە ئەوێ، کافرەکانیش هەواڵی ئەمەیان لێ پرسین، ئەوانیش وتیان: بەڵێ، ئەمەمان دیوە. ئنجا کافرەکان وتیان: (سیحری هەتیوەکەی ئەبوو تالیب گەیشتووەتە ئاسمانیش)!

● **خاڵی دووهەم:**

زۆربەی پێشەوایانی زانستی کەلام، وەك سەعدی تەفتازانی، وتوویانە: (ڕوودانی لەت بوونی مانگ موتەواتیرە، وەك هەڵقولانی ئاو لە نێوان پەنجە پیرۆزەکانی و تێراوبوونی سوپایەکی تەواو لەو ئاوە و، وەك گریان و بێتاقەتیی بنەدارەکەی ناو مزگەوت لە دووریی پێغەمبەر ﷺ کە لە کاتی خوتبەدا پاڵی پێوە دەدایەوە و، کە ئەمەش کۆمەڵی ناو مزگەوت هەموویان گوێیان لێ بوو.. واتە: ئەم ڕووداوە کۆمەڵێکی زۆر لە کۆمەڵێکی زۆرەوە، کە هەرگیز ناگونجێ لەسەر درۆ یەکیان گرتبێت، دەماودەم هێناویانە و بەم جۆرە بە ئێمەش گەیشتووە. کەواتە ڕووداوە کە موتەواتیری قەتعی و بێ گومانە، وەك گومان نەبوون لە هەواڵی دەرکەوتنی ئەستێرەیەکی کلکدار لە پێش هەزار ساڵدا و، بوونی دوورگەی: سەرەندیب، هەرچەندەش نەماندیوە).

بەم جۆرە بۆت دەرکەوت کە وروژاندنی گومان لە دەوری ئەم مەسەلە بێ گومانە و هاوچەشنی ئەمەدا کە بە چاو دەبینرێن، لە نەفامی و بێعەقڵی بەولاوە هیچی تر نییە. چونکە لەم مەسەلانەدا ئەوەندە بەسە کە بزانرێت یەکێکە لە گونجاوەکان(الممکنات) نەك لە

نەگونجاوەکان(المستحيلات). خۆ لەت بوونی مانگیش شتێکی گونجاوە و وەکو ئەوە وایە کە چیایەك بە تەقینەوەی گڕکانێك لەت ببێت.

● **خاڵی سێهەم:**

موعجیزە بۆ ئەوە پیشان دەدرێت کە ئەوانەی ئینکاریی پێغەمبەرێتیی پێغەمبەر ﷺ دەکەن، قەناعەت بە پێغەمبەرێتی‌یەکەی بکەن، نەك بۆ ئەوەی ناچاریان بکات ئیمانی پێ بهێنن! کەواتە هەر هێندە پێویستە کە ئەو موعجیزەیە پیشانی ئەوانە بدرێت دەعوای پێغەمبەرێتیان بیستووە، بەو ئەندازەیەی کە بیانگەیەنێتە دڵنیایی و قەناعەتی تەواو لە ڕاستیی پێغەمبەرێتیی پێغەمبەردا ﷺ.

بەڵام دەرخستنی ئەو موعجیزەیە لە هەموو جێگایەکدا و بە ڕوونی، بە جۆرێك کە خەڵکی ناچار بکات بۆ ئیمان هێنان و ملکەچ کردن، ئەم کارە، شتێکە دژی حیکمەتی خواوەندی دانای شکۆمەندە و پێچەوانەی نهێنیی "تەکلیف"ە کە خوا لە بەندەکانی دەکات. چونکە نهێنیی ئەو تەکلیفەی خواوەند داخوازی ئەوەیە کە دەرفەت بە ژیریی مرۆڤ بدات و "ویست" و "ئیختیار"ی لێ دانەماڵێت!

خۆ ئەگەر خواوەندی بەدیهێنەر موعجیزەی لەت بوونی مانگی بۆ ماوەی دوو سەعات بهێشتایەتەوە و پیشانی هەموو جیهانی بدایە و بچوایەتە ناو کتێبەکانی مێژوو - وەك فەیلەسوفەکان دەیانەوێت - ئەوا ئەو کاتە کافران دەیانوت: ئەمە دیاردەیەکی گەردوونیی ئاسایی‌یە و، ئیتر ئەو کاتە نەدەبوو بە بەڵگە لەسەر ڕاستیی پێغەمبەرێتیی پێغەمبەر ﷺ و بە موعجیزەیەکی تایبەتیی پێغەمبەری مەزن ﷺ دانەدەنرا، یان دەبووە موعجیزەیەکی بەدیهیی وا کە عەقڵی ناچار دەکرد باوەڕ بهێنێت و ئیختیار و ویستی لێ دەسەندەوە و ئەو کاتەش ڕۆحە نزمە خەڵووزئاسا بێ‌نرخەکانی وەك هی ئەبوجەهل لەگەڵ ڕۆحە پاك و بەرز و ئەڵماس‌ئاساکانی وەك هی حەزرەتی ئەبووبەکری صیددیق - خوای لێ ڕازی بێت - یەکسان دەبوون! واتە ئەو کاتە نهێنیی تەکلیفی خوا لە بەندەکانی، لەناودەچوو.

لەبەر ئەوە، ئەم موعجیزەیە بە شێوەیەکی کاتی و، لە شەودا و، لە کاتی بێ‌ئاگاییدا ڕووی داوە و، جیاوازیی هەلاتگەکان و، هەور و شتی تریش بوون بە پەردە و ڕێیان لەوە گرتووە کە هەموو خەڵکی ببینن. لەبەر ئەوانەیە کە ئەم موعجیزەیە نەڕۆشتووەتە ناو کتێبەکانی مێژووەوە.

● **خاڵی چوارەم:**

ئەم موعجیزەیە کە لە شەودا و، بە شێوەیەکی کاتی و، لە وەختی بێ ئاگاییدا ڕووی داوە، دیارە بێ هیچ گومانێك هەموو کەسێك لە هەموو جێگایەکدا نایبینێت. بەڵکو ئەگەر

هەندێ کەسیش ببینێت، باوەڕ بە چاوی خۆی ناکات! خۆ ئەگەر باوەڕیشی پێ بکات، ئەوا ڕووداوێکی وا کە لە دەمی یەك کەسەوە بگێڕرێتەوە، لە لای مێژوو بایەخی پێ نادرێت.

زانا لێکۆڵەرەکان ئەو زیادەیەیان ڕەتداوەتەوە کە لە ڕیوایەتی ئەم موعجیزەیەدا زیاد کراوە کە گوایا: (دوای لەت بوون، مانگ هاتووەتە سەرزەوی)! ئەو زانایانە ئەم زیادەیەیان لە لا نەچەسپاوە و فەرموویانە: لەوانەیە هەندێ لە موونافیقان ئەمەیان لەسەر ڕیوایەتەکە زیاد کردبێت تاکو بایەخ بۆ هەموو ڕیوایەتەکە نەهێڵن و، نرخ و بەهایشی دابگرنە خوارەوە!

ئنجا دەبێ بزانین لەو کاتەدا کە موعجیزەکە ڕووی داوە، پەڵە هەوری نەزانی ڕووی ئاسمانی ئینگلتەرای داپۆشیبوو، کاتیش لە ئیسپانیا لە خۆرئاوابووندا بوو، ئەمریکاش لە ڕۆژی ڕووناکدا بوون و، لە چین و ژاپۆنیش تازە بەرەبەیان سەری دەرهێنابوو، لە وڵاتەکانی تریشدا چەند ڕێگرێکی تر هەبوون لە ڕێی بینینی ئەم موعجیزەیەدا، کەواتە ئەم موعجیزەیەیان تێدا نابینرێت!

جا کە ئەمەت زانی، ئنجا سەرنج لە قسەی ئەو کەسە بدە کە دەڵێت: (مێژووی ئینگلتەرا و چین و ژاپۆن و ئەمریکا و وڵاتانی تری وەك ئەوان، ئەم ڕووداوە باس ناکەن، کەواتە ڕووی نەداوە)!

ئەمە چ چەنەبازییەکە ئەوانە دەیکەن؟!

دەسا زەرەرمەندی و ڕسوایی بۆ ئەوانەی کە بە پاشخوانی ئەورووپا دەژین!

● **خاڵی پێنجەم:**

"لەت بوونی مانگ" ڕووداوێك نییە کە هەر لە خۆیەوە و لەسەر بناغەی چەند هۆکارێکی سروشتی و لە ڕێگای ڕێکەوتەوە ڕووی دابێت. نەخێر.. بەڵکو بەدیهێنەری دانا - کە پەروەردگاری خۆر و مانگە - ئەم ڕووداوەی بەسەر مانگدا هێناوە و کردوویەتی بە ڕووداوێکی بازدەر بەسەر هەموو یاسا گەردوونییەکاندا، لە پێناوی تەسدیق کردنی پێغەمبەرێتیی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەیدا ﷺ و، بۆ ئەوەی کە دەری بخات بانگەوازی ئەم پێغەمبەرە ﷺ بانگەوازێکی ڕاستە. کەواتە خواوەندی گەورە بەپێی دانایی و، داخوازیی نهێنیی ڕێنمایی و تەکلیف و، حیکمەتی ڕاگەیاندنی پەیامەکانی خۆی کە پێغەمبەر ﷺ ڕایاندەگەیەنێت، ئەو موعجیزەیەی پیشان داوە و، بۆ ئەوەی بیانووی ئەو کەسانەش ببڕێت کە موعجیزەکەیان دیوە.. لە هەمان کاتیشدا خواوەند بەپێی خواستی دانست و ویستی خۆی، ئەم موعجیزەیەی پیشانی دانیشتووانی شوێنەکانی تری جیهان نەداوە، لەو شوێنانەی کە بانگەوازی پێغەمبەرەکەی خوایان پێ نەگەیشتووە و، بە پەڵە هەور و جیاوازیی هەڵاتگەکان و مانگ هەڵنەهاتن یان خۆر هەڵهاتن لە هەندێ وڵاتدا و بوونی ڕۆژ لە

هەندێکی تردا و خۆرئاوابوون لە غەیری ئەواندا، بەمانە و غەیری ئەمانە لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی نەبینینی مانگ، ئەو موعجیزەیەی پێش چاوی ئەوان نەخستووە.

جا ئەگەر ئەو موعجیزەیە پیشانی هەموو خەڵکی جیهان بدرایە، ئەوا یان: لە ئەنجامی ئیشارەتی پێغەمبەری مەزنەوە ﷺ و بۆ مەبەستی دەرخستنی موعجیزە پێغەمبەرانەکەی پیشانیان دەدرا، دیارە ئەو کاتە دەبوو بە شتێکی بەدیهی و خەڵکی ناچار دەبوون باوەڕی پێ بکەن. واتە "ویست" و "ئیختیار"یان لێ دەسەندرایەوە و نهێنیی تەکلیف تیا دەچوو. لە کاتێکدا کە ئیمان پارێزگاری لە سەربەستیی "عەقڵ" دەکات و نایەوێت ویست و ئیختیاری لێ داماڵێت.. یان: وەك ڕووداوێکی ئاسمانیی ڕووت پیشانیان دەدرا، ئەو کاتەش پەیوەندیی بە پێغەمبەرێتیی پێغەمبەرەوە ﷺ دەبچڕا و، هیچ تایبەتکارییەکی تێدا نەدەما.

بە کورتی: هیچ دوودڵییەك لە ڕوودانی "لەت بوونی مانگ"دا نییە و، بە جۆرێکی بێ گومان بۆمان چەسپا. وا ئێستاش دوای ئەمە، لە نێوان بەڵگە بێ گومان و زۆرەکاندا بە شەش بەڵگە[1] ئاماژە بۆ ڕوودانی ئەم موعجیزەیە دەکەین، کە ئەمانەن:

★ یەکدەنگیی هەموو هاوەڵە دادوەرەکانی پێغەمبەر ﷺ .

★ یەکگرتنی زانایانی لێکۆڵەر و تەفسیرنووسان، کاتێك کە تەفسیری ئایەتی: ﴿**وانشق القمر**﴾یان کردووە.

★ زانا ڕاستگۆکانی "فەرمووده" لە ڕیوایەتەکانیاندا ڕوودانی ئەم موعجیزەیەیان بە چەندین سەنەد و ڕێگای جیاجیا نەقڵ کردووە[2].

★ شایەتیدانی هەموو ئەهلی "کەشف" و "ئیلهام" لە ئەولیا و پیاوچاکە ڕاستگۆکان.

★ تەسدیق کردنی ئەم موعجیزەیە لە لایەن پێشەوا هەرە زاناکانی عیلمی کەلامەوە، هەرچەند مەشرەب و ڕێبازەکانیشیان جیاوازن.

---

(١) واتە شەش بەڵگەی توندوتۆڵی بێ گومان لە نێوان شەش جۆر یەکدەنگیدا هەن لەسەر ڕوودانی لەت بوونی مانگ. بەڵام بەداخەوە لەم مەقامەدا مافی خۆیمان نەداپێ و بە کورتی مایەوە. (دانەر)

(٢) لێرەدا سێ فەرموودە دەهێنین لەوانەی کە ئیمامی بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوون:
١- عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال: انشق القمر على عهد رسول الله ﷺ شقين فقال النبي ﷺ: "اشهدوا". متفق عليه. ٢- وعن انس رضي الله عنه أن أهل مكة سألوا رسول الله ﷺ أن يريهم آيةً، فأراهم انشقاق القمر. متفق عليه. ٣- وعن ابن عباس رضي الله عنهما إن القمر انشق في زمان النبي ﷺ متفق عليه. راجع: مسند الإمام أحمد ١/ ٣٧٧، ٤١٣، ٤٤٧، ٤٥٦، ٣/٢٠٧، ٢٢٠، ٢٧٥، ٢٧٨، ٤/٨١ ورواه الطيالسي برقم ٢٩٥، ١٨٩١، ١٩٦٠. وتفسير ابن كثير (٦/٤٦٩) لمعرفة تواتر الحادثة. وانظر كذلك: اللؤلؤ والمرجان فيما اتفق عليه الشيخان. ج٣/ص٢٨٠ (وەرگێڕ)

★ قبوولٚ كردنی ئه‌م موعجیزه‌یه له لایه‌ن نه‌ته‌وه‌ی ئیسلامه‌وه، كه هه‌روه‌ك لـه فـه‌رمووده‌دا هاتوه: "لـه‌سه‌ر گومڕایی هه‌رگیز كۆ نابنه‌وه و یه‌ك ناگرن".

هه‌موو ئه‌مانه، ڕووداني لـه‌ت بووني مانگ ڕوون ده‌كه‌نه‌وه و، وه‌ك خۆری ناوجه‌رگـه‌ی ئاسمان ده‌یچه‌سپێنن.

پوخته‌ی ئه‌م قسانه:

ئه‌وه‌ی تا ئێستا باسمان كرد، شتێك بوو به ناوی لێكۆڵینـه‌وه‌ی زانستی‌یه‌وه و بۆ مه‌به‌ستی بێ‌ده‌نگ كردنی لایه‌نی به‌رامبه‌ر باسمان كرد. وا دوای ئه‌مه، به ناوی "حه‌قیقه‌ت" و له پێناوی "ئیمان"دا ده‌دوێین. زانیمان كه لێكۆڵینه‌وه‌ی زانستی چی ده‌ڵێت.. به‌ڵام حه‌قیقه‌ت ده‌ڵێت:

كۆتایی‌هێنه‌ر به دیوانی پێغه‌مبه‌رێتی و مانگی دره‌خشانی ئه‌و ئاسمانه كه حه‌زره‌تی "محمـد المصطفی"یه ﷺ، ویلایه‌تی به‌ندایه‌تی‌یه‌كه‌ی ئه‌و تا پله‌ی "مه‌حبووبییه‌ت" به‌رز بـووه‌وه، ئـه‌وه‌تا كه‌رامـه‌ت و موعجـیزه هـه‌ره گه‌وره‌كـه‌ی ئـه‌وی بـه "میعـراج" ده‌رخسـت، واتـه بـه: هاتـوچۆكـردن و ڕۆشـتنی جـه‌سـته‌یه‌كی سـه‌ر ڕووی زه‌وی بـه‌ناو ئاسـۆكانی ئاسمانـه بـه‌رزه‌كانـدا و خۆناساندنی به ئه‌هلی ئاسمانه‌كان و، به‌و موعجیزه‌یه‌ی ویلایه‌ته گـه‌وره‌كه‌ی خۆی و، خۆشه‌ویستی‌یه بێ‌گه‌رده‌كه‌ی بۆ خوا و، به‌رزبوونه‌وه‌ی به‌سه‌ر ئه‌هلی ئاسمانـاندا بۆ ئاسـمان نشینان چه‌سپاند.. هـه‌ر بـه‌و جۆره‌ش خواوه‌نـد ئه‌و مانگـه‌ی كـه بـه ئاسمـاندا هـه‌ڵی واسیوه و په‌یوه‌ندیی به زه‌وی‌یـه‌وه هه‌یه، ته‌نـها بـه ئیشـاره‌تێكی به‌نده‌كـه‌ی خـۆی لـه‌سـه‌ر زه‌وی‌یـه‌وه، كـرد بـه دوو له‌تـه‌وه و، بـۆ مه‌به‌سـتی چه‌سـپاندنی پێغه‌مبـه‌رێتیی ئـه‌و بـه‌نده خۆشه‌ویسته‌ی خۆی، ئه‌م موعجیزه‌یه‌ی ئه‌وی پیشـانی زه‌وی‌نشینان دا، به ڕاده‌یه‌كی وا كه پێغه‌مبـه‌ر ﷺ وه‌ك دوو به‌شه ڕووناكه‌كه‌ی مـانگی لـێ هـات، چونكـه بـه هـه‌ر دوو بـاڵی نوورانیی: "ویلایه‌ت" و "پێغه‌مبه‌رێتی" بۆ به‌رزترین پلـه‌ی كـه‌ماڵات بـه‌رز بـووه‌وه تـا گه‌یشته "قاب قوسين" یان نزیكتر.. جا هه‌روه‌ك مایه‌ی شانازیی زه‌وی نشینانه، هه‌روه‌ها بوو به مایه‌ی شانازیی ئه‌هلی ئاسمانیش.

عليه وعلى آله وصحبه الصلاة والتسليمات ملء الأرض والسموات.

﴿سبحانك لا علمَ لنا إلاّ ما علّمتنا إنك أنت العليم الحكيم﴾.

اللهم بحق من انشق القمر باشارته، اجعل قلبي وقلوب طلبة رسائل النـــور الصـــادقين كالقمر في مقابلة شمس القرآن. آمين.آمين.